hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 2664-4681

گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
*Vol. 7, No. 3, pp. 309–326, Sept..-2019*

journals.uoz.edu.krd

# شێوازی ژیان و مۆدێلە تیۆرییەکانی (توێژینەوەیەکی تیۆرییە)

**عبدالله خورشید*** **و شهلا ولی جبار**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین، هەرێما کوردستانێ – عێراق. abdullah.abdullah@su.edu.krd

وەرگرتن: 2019/05   پەسەندکرن: 2019/07   بەلاڤکرن: 2019/09 [https://doi.org/10.26436/hjuoz.2019.7.3.518](https://doi.org/10.26436/hjuoz.2019.7.3.518)

**پۆختە:**

بابەتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەو مۆدێلە تیۆرییانەی کە لەلایەن تیۆرەوانانی کۆمەڵناسیەوە داڕێژراون بۆ تێگیەشتن و چۆنیەتی بەکارهێنانی شێوازی ژیان لە کایەی زانسیدا. بەشێکی توێژەران لە دوو دەیەی رابردوودا و لە ساڵانی نەوەدەکانەوە و لە ئەنجامی توێژینەوەکانیانەوە تێبینیان کردوە کە  چەمکی شێوازی ژیان جێگەی چەمکی چینی کۆمەڵایەتی گرتووەتەوە، بەڵگەی سەرەکیشیان بۆ ئەم مەسەلەیە ئەوەیە کە (چینبەندی ستوونی) کەمتر لە شێوازی ژیانی تاکەکان توانای شرۆڤەکردنی رەفتار، بەها و تێڕوانینەکانی هەیە. ئەمە بەمانای سڕینەوەی بوونی چینەکان نییە، بەڵکو توانایی شیکارکردنی ئەم چەمکە دەخاتە ژێر پرسیارەوە، لەبەر ئەوەی جۆرێك لێکچوون لە نێوان ئەو تاکانەدا هەیە کە پێگەی هاوتایان هەیە، ئیتر ناتوانرێت تەنها لەڕێی چینەوە وێنەیەکی راستەقینەی واقیعی کۆمەڵایەتیمان دەستکەوێت. بۆیە ئێستا ئەنجامی توێژینەوە جۆراوجۆرەکان سەبارەت بە بابەتی شێوازی ژیان بەسەر دوو کۆمەڵەدا دابەش بوون، کۆمەڵەیەکیان بەو ئەنجامە گەیشتوون کە دەکرێت چەمکی شێوازی ژیان لە بری چینی کۆمەڵایەتی بەکاربهێنرێت، بەڵام کۆمەڵەیەکی دیکەیان ئەنجامەکانیان دەریخستوە کە چەمکی شێوازی ژیان پەیوەندی بە چینایەتییەوە هەیە و دەکرێت بەکاربهێنرێت بە هاوشانی لەگەڵ چینی کۆمەڵایەتی و بەکاربردندا بۆ خوێندنەوەیەکی باشتری واقیعی کۆمەڵایەتی. سەبارەت بە گرنگی ئەم توێژینەوەیە، دەتوانرێت بگووترێت سەردەمی ئێستا سەردەمی گۆڕانی جۆراوجۆر و دەرکەوتنی فۆڕمی نوێی ژیان و گۆڕانی بەرهەمهێنان بۆ بەکاربردن، هەرلەبەر ئەوەیە بۆ خوێندنەوەی کۆمەڵگا بەردەوام پێویستمان بە چەمکی نوێ هەیە" چەمکگەلێك، کە ببنە ئاوێنەی ئەو گۆڕانکارییانە و بابەتی نوێش بۆ توێژینەوە بخەنە بەردەم زانستە کۆمەڵایەتییەکان. ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی زانایانی کۆمەڵناسی چۆن سەروکاریان لەگەڵ ئەم چەمکەدا کردوە بۆ خوێندنەوەی هەڵسوکەوت و چۆنیەتی گۆڕانی واقیعی کۆمەڵگا. پاشان شیکردنەوەی چەمکی شێوازی ژیان لە چوارچێوەی ئەو مۆدێلە تیۆرییانەی وا لەبارەیەوە داڕێژراون. بەڵام سەبارەت بە میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیە، (میتۆدی شیکاری)یە. لە ئەنجامدا توێژەر بە چەند ئەنجامێك گەیشتووە لەوانە: چەمکی شێوازی ژیان، نەك وەك بوارێك بۆ توێژینەوە لە چەمکی چینی کۆمەڵایەتی  بەڵکو وەك چەمکێکی سەربەخۆ کە ئاماژەیە بۆ ڕوانینێکی نوێ بۆ واقیعی کۆمەڵایەتی و دیاردەکانی دیکەی کۆمەڵگا وەك (چینی کۆمەڵایەتی، پێگە، شوناس و بەخشینی ناسنامەی کۆمەڵایەتی بە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان) هاتووەتە نێو زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە. –ئەم چەمکە پانتاییەکی فراوانی لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان داگیرکردووە و سوودی لە بەکاربردن وەرگرتوە بۆ خۆ جیاکردنەوەی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و دەستخستنی شوناسی کۆمەڵایەتی. شێوازی ژیان جێگرەوەی چەمکی چینی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو تەواکەریەتی و هاوشانی دەکات بۆ خوێندنەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی. تێگەیشتنی نوێ و توێژینەوە لەبارەی شێوازی ژیانەوە وایکردوە تێگەیشتن بۆ چین و پێگەی کۆمەڵایەتی گۆرانی بەسەردا بێت. چەمکی شێوازی ژیان بە بەراورد بە رابردوو، زانستە کۆمەڵایەتییەکانی بە دەرهاویشتەکانی خۆیەوە زۆر سەرقاڵکردوە. و بووەتە جێگەی بایەخ پێدانی .

**پەیڤێن سەرەکی**: شێوازی ژیان، چینی کۆمەڵایەتی، پێگە، بەکاربردن، شوناس.(ئەمە کلیلی توێژینەوە نیە بەڵکو چەمکە کلیلیەکانن)

## 1. پێشەکی

لەدوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە، گۆڕانکاری خێرا لە هەموو ڕەهەندەکانەوە بەسەر جیهاندا هاتوون، بەجۆرێك گۆڕانکارییەکان لە بنیادەکانی ژیاندا ژینگەی سروشتی گۆی زەویشیان گۆڕیوە. بەبێ زیادەڕەوی پێویستە دان بەوەدا بنێین کە بۆ زانینی ئەوانەی ڕوویانداوە و ئەوانەشی ڕوودەدەن، پێویستمان بە چەمکی نوێ

---

* ڤەکولەرێ بەرپرس.

هەیە. هەربۆیەش پاشخانی تیۆری کۆمەڵناسی پاشخانی تیۆری نەك ئەدەبیات)رۆژ بەرۆژ چەمکی تازەی دێتە ناوەوە، هەموو ئەو چەمکانەش تەنها بۆ ئەوەن کە تێبگەین چی روویداوە و چ شتێکیش لەنێو ئەو سستمە بەیەکداچووەی کۆمەڵگادا رووبەڕوومان دەبێتەوە.

هەموو شرۆڤە کۆمەڵایەتییەکان لە رێگەی چەمکە گشتیەکانەوە بە ئەنجام دەگەن و سەرەکیترین تایبەتمەندی لۆژیکی چەمکە گشتیەکانیش، کۆکردنەوەی تایبەتمەندییەکانە لەخۆیاندا. ئەگەر واتا زۆر و زەوەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لەچوارچێوەی ئەو چەمکانەدا بەشێوەیەکی سادە دەرنەخرێن و رێك نەخرێن، ئەوا ئەگەری بەدەستهێنانی هەر جۆرە مەعریفەیەکی تیۆریی سستماتیك دەربارەیان و وەرگرتنی هەر حوکمێك لەبارەیانەوە، نەرێنی دەردەچێت. چەمك و پێکهاتە تیۆرییەکان لە کۆمەڵناسیدا، بە گشتی تایبەتمەندییەکی چەشن ناسییان هەیە. گیمنزشافت و گیزلشافت (Geminschaft & Gesellschaft)(و تۆنیز(Tones)" قۆناغەکانی پێشکەوتنی مێژوویی (ئۆگست کۆنت(August Compt)(، شێوازەکانی بەرهەمهێنان و چینە کۆمەڵایەتییەکان لای (مارکس (Marx)(شێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ خۆکوژی (دورکایم(Durkheim)(، ئەخلاقی ئابووری ئاینەکان و جۆرەکانی کردە لای (ڤیبەر(Weber)(شێوەی کردە دوو لایەنییەکان و جۆری کارەکتەرەکان لای (زیمڵ(Simmel)(، هەر یەکەیان لە رێگەیەکەوە پۆلێنبەندیان بۆ تاکەکان یان رەفتار، یان روانگە و بەها و پێوەرەکان کردووە. چەمکی (چینی کۆمەڵایەتی)رەگوریشەکەی لە نێو هزری کۆمەڵایەتی کلاسیك دایە، دواجار هەم داینامیکیبوونی ئەم چەمکە و هەمیش چەندێتی بەخشینی شوناسی کۆمەڵایەتی بە ئەندامانی کۆمەڵگەی نوێ شایانی شرۆڤە و تێگەیشتنی تازەیە. ئاراستەی گشتی تیۆرە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم دەیەی دوایی بەرەو پتر بایەخدانە بە لایەنی بەکاربردن و چالاکییەکانی شێوازی ژیان لە بەخشینی شوناسی تاکەکەسی و شوناسی کۆمەڵایەتی(اباذری و چاوشیان، 2002) توێژینەوەی زۆر لەبارەی شێوازی ژیانەوە ئەنجامدراون. هەندێك لەو توێژینەوانە (Rossel ,2008; Jensen ,2009) جەختیان کردوەتەوە لەسەر تاوتوێکردنی تیۆریانەی چەمکی شێوازی ژیان و هەوڵدراوە پێناسەی بۆ بکرێت و کێشە و ئاکامەکانی بخرێنەڕوو.

گرنگیدانی زیاتری زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە چەمکی شێوازی ژیان بۆ ئەو واقیعە دەگەڕێتەوە کە چیتر چەشنناسییەکانی دیکە ناتوانن بە تەنها ئەو فرەیی و هەمەجۆرییە کۆمەڵایەتییانە شرۆڤە بکەن، کە لەنێو کۆمەڵگەدا هاتوونەتە ئاراوە. چەمکی (چین) کە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن رۆڵێکی سەنتەری و زێڕینی هەبوو، بەتێپەڕبوونی کات کاریگەریی و کارایی لاواز بووە، بەجۆرێك دۆزینەوەی پەیوەندییەکی تەواو و دڵنیاکەرەوە لەنێوان (خوێندن، کار، داهات و تێڕوانینی تاك)، سەختتر بووە چەند بەڵگەیەك لەبەر دەستدان ئەوەیان دەرخستووە، کە چیتر بیرکردنەوە و رەفتاری تاکەکان لەسەر بنەمای پێگە و پلە وپایەیان لە نێو سستمی بەرهەمهێناندا نییە (فاچلی،2003، 66) ( Mohammadpur and Mahmoodi, 2016)هەندێك لە توێژەرانی دیکە (Tomlinson,2003; Pisman, et al.,2011; Tolonen,2013)، هەوڵیانداوە پەیوەندی نێوان شێوازی ژیان و فاکتەرە جیاوازەکانی وەك: پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری، تەمەن، جێندەر، ئامرازەکانی راگەیاندن، شوناس، سەرمایەی کولتووری و هتد شرۆڤە بکەن. هەروەها لە پاڵ ئەو نووسەرو توێژەرانەی ئاماژەیان پێکرا هەندێکیان جەختیان کردووەتەوە لەسەر (وەچەرخانی ئایدۆلۆژیاو هۆشیاری چینایەتی و سۆراخکردنی گۆڕانی بنیادی چینایەتی لەچوارچێوەی شێوازی ژیانەوە. چیتر ناتوانرێت هێڵی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و خواستی چینایەتی تاکەکان بەهۆی ئینتمایان بۆ چینێکی دیاریکراو پێشبینی بکرێت. ئەوەتا پێگەی کار، هەندێکجار جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ خوێندەواری و داهات و دەسەڵاتدا هەیە.

بەسەرنجدان لەو گەشەسەندن و پێشکەوتنەی کە کۆمەڵناسی ئەمڕۆ بەخۆیەوە بینیوە– بۆ تێگەیشتن لە بنیاد و شوناسی کۆمەڵایەتی تاکەکان سەرنجی خۆی لەسەر چالاکییەکانی بەرهەمهێنانەوە گواستوەتەوە بۆ سەر بەکاربردن و خەرجکردن– بەو ئەنجامە دەگەین، کە چەمکی شێوازی ژیان جێگرەوەی چەمکی چین نییە، بەڵکو هاوشانی چینایەتییە بۆ شیکردنەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی(لە پوختەکەدا دەڵێت چەمکی شێوازی ژیان جێگرەوەی چەمکی چین نییە). بەدواداچوون بۆ ماهییەت و ئەرکی لۆژیکی ئەم دوو چەمکە، زۆرێك لەو بابەت و تێکستە نووسراوانەی بوونەتەهۆکاری ئەو جێگۆڕکێیە، روون دەکاتەوە.

ئەم توێژینەوەیەی بەردەست بریتیە لە توێژینەوەیەکی تیۆری و هەوڵدەدرێت لە چەند تەوەرێکدا شرۆڤەی مۆدێلە تیۆریەکانی تایبەت بە چەمکی شێوازی ژیان بکرێت لەبەر رۆشنایی بۆچوونی هزرڤانانی بواری کۆمەڵناسی. بابەتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە خستنەڕوو و شیکردنەوەی پاشخانی تیۆریی سەبارەت بە تێگەیشتن لە چەمکی شێوازی ژیان لای تیۆرەوانانی کۆمەڵناسی، ئەویش لەبەر ئەوەی چین لە کایە زانستیەکان بەگشتی و لەکایەی کۆمەڵناسی بەتایبەتی توێژینەوەی زۆری تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان چەمکی شێوازی ژیانیان کردوە بە یەکێك لە بابەتە گرنگەکانی خۆیان و ئێستا زیاتر کاریان لەسەر کردووە بۆ خوێندنەوەی واقیعی

کۆمەڵایەتی سەردەمی نوێ، هەروەها هەوڵدراوە شیکردنەوە بۆ هزری هەریەك لە (ڤێبلن)(ماکس ڤیبەر) و (جۆرج زیمڵ) وەك کۆمەڵناسە کلاسیکەکان و (ئەنتۆنی گیدنز) و (بۆردیۆ) وەك کۆمەڵناسە نوێکان بکرێت کە چ تێگەیشتنێکیان هەبووە سەبارەت بەم بابەتە و بۆچی هێندە مشتومڕی لەبارەوە ئەنجامدراوە. ئێستا ئەنجامی توێژینەوە جۆراوجۆرەکان سەبارەت بە بابەتی شێوازی ژیان بەسەر دوو کۆمەڵەدا دابەش بوون، کۆمەڵەیەکیان بەو ئەنجامە گەیشتوون کە دەکرێت چەمکی شێوازی ژیان لە بری چینی کۆمەڵایەتی بەکاربهێنرێت، بەڵام کۆمەڵەیەکی دیکەیان ئەنجامەکانیان دەریخستوە کە چەمکی شێوازی ژیان پەیوەندی بە چینایەتییەوە هەیە و دەکرێت بەکاربهێنرێت بە هاوشانی لەگەڵ چینی کۆمەڵایەتی و بەکاربردندا بۆ خوێندنەوەیەکی باشتری واقیعی کۆمەڵایەتی. سەبارەت بە گرنگی ئەم توێژینەوەیە، دەتوانرێت بگووترێت کە گەورەترین گۆڕانکاری لەسەردەمی نوێدا بریتییە لە بەکاربردن، بۆیە بۆ خوێندنەوەی کۆمەڵگا، پێویستمان بە چەمکی نوێ هەیە. چەمکگەلێك، کە ببنە ئاوێنەی ئەو گۆڕانکارییانە و بابەتی نوێش بۆ توێژینەوە بخەنە بەردەم زانستە کۆمەڵایەتییەکان. وا دیارە کە چەمکی (شێوازی ژیان) ئەو تایبەتمەندییەی لەخۆیدا هەڵگرتووە، بۆیە توێژینەوە سەبارەت بەم چەمکە گرنگی تیۆری خۆی هەیە لە کایەی تیۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا. هەروەها گرنگی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ بایەخی چەمکی شێوازی ژیان، کە لە بنەڕەتدا، هەر توێژینەوەیەکی پەیوەست بەو چەمکە ناچار بە چوونە نێو پەیوەندییە ئاڵۆسکاوەکانی نێوان بنیاد و کردەی دەکات، وەك بەشێك لە گوتاری سەرەکی کۆمەڵناسی .

بەڵام سەبارەت بە میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیە، ئەوا ئاشکرایە لە توێژینەوەی زانسیدا بەپێی ئامانج دەستنیشانی میتۆد دەکرێت. لە توێژینەوە تیۆرییەکاندا چەند میتۆدێك بەکاردێت لەوانە (میتۆدی وەسفی، شیکاری و رەخنەیی)، ئینجا لەبەر ئەوەی ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە تێگەیشتن و شیکردنەوەی بابەتی شێوازی ژیان لە چوارچێوەی ئەو مۆدێلە تیۆریانەی سەبارەت بەم بابەتە نوسراو و هەڵێنجراون، ئەوا میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیدا بریتییە لە (میتۆدی شیکاری)، پاساوی بەکارهێنانی ئەم میتۆدە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە کوردستان و بەپێی زانیاری توێژەر، کارکردن لەسەر چەمکی شێوازی ژیان لە کایەی تیۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا بەردەست نین و ئەدەبیاتێکی پێشوو دەست نەکەوتوون سەبارەت بە شیکردنەوە و تاوتوێکردنی شێوازی ژیان، بۆیە ئەم توێژینەوەیە تیۆرییە سەبارەت بە ناساندنی ئەم چەمکە و شیکردنەوە و خستنەڕووی هەندێك لەو مۆدێلە تیۆریانەی کە سەرنجیان لە بابەتەکە داوە و شرۆڤەیان کردوە، دواجار ئاشناکردنی توێژەران بەم بابەتە.

## 2. مۆدێلە تیۆرییەکانی شێوازی ژیان

کۆمەڵێك هۆکار کاریگەرییان هەیە لەسەر (شێوازی ژیان) و ئەو گۆڕانانەی کە بەسەریدا هاتوون و دێن. لەم رووەوە کۆمەڵێك مۆدێلی تیۆری هەن، وەك لەخوارەوە ئاماژەیان پێکراوە هەندێکیان تایبەتن بە راستییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، هەندێکی دیکەیان تایبەتن بە جیهانگیری و راستی کولتوورییەوە.

### 1.2. تۆرشتاین ڤێبلن(Thorstein Veblen) :

لە کتێبەکەیدا (تیۆرەکانی چینی خۆشگوزەران) (The Theory of Leisure Class)، تۆرشتاین ڤێبلن( Thorstein ) ( Veblen) (1857_1929)دەریخستووە، بەکاربردنی ئاشکرا لە سەردەمی مۆدێرندا نیشانەیەکی سەرەکییە بۆ شوناس و شێوازی ژیان. بۆ قسەکردن لەسەر شێوازی ژیان و شێوەکانی بەکاربردن، ئەوا (پاول دیمگیۆ) (Paul Dimmgio)پێیوایە بەرهەمەکانی (ڤێبلن و بۆردیۆ) لە پێشەنگی ئەو بەرهەمانە دادەنرێن. (ڤێبلن) بنەمای شانازیکردن و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی دەبەستێتەوە بە ماڵ وسامانەوە، ئەڵبەتە ئەو سامانە بەرهەمی کاری راستەوخۆی کەسەکە نەبێت. هەر ماڵ و سامانێك بۆ ئەوەی زۆرترین رێز و پێگە بۆ خاوەنەکەی دەستەبەر بکات، پێویستە بەشێوەی خۆنوێنییانە-بەهۆیەوە خۆی دەربخات لەبەرامبەر ئەوانی دیکە- مانفێست بکرێت. چینی خۆشگوزەران لەشێوەی کیانێك، سەرەتا لەڕێگەی بەدەستهێنانی ماڵ و سامانەوە دروستبوو. سامانی زیاتر دەسەڵاتی زیاتری بەو چینە بەخشیووە. بوونی ماڵ و سامان ئەگەرچی سەرچاوەی دروستبونی پێگە بووە، بەڵام نیشاندانی ئەم سامانەش بۆخۆی جێگەی شانازی پێوەکردنە. (بێکاری خۆنمایشکەرانە) کە لەشێوەی کاری نابەرهەمهێنەرانەوە دەردەکەوێت، ئەوە نیشاندەری سامانی تاکەکەسەکەیە. کاری نابەرهەمهێنەرانە نیشانی دەدات کە ئەم تاکە بۆ بەتاڵی، سەرگەرمی کاردەکات و کاری بەرهەمهێنەرانە تایبەتە بە چینەکانی خوارترەوە. ئەمجۆرەی کارکردن لەکۆمەڵگە بچوکەکان- گوندییەکان-کارایی هەبوو، بەڵام لە کۆمەڵگەی شاریدا ئەگەری نمایشکردنی ماڵ و سامان لەم رێگەیەوە مەیسەر نەدەبوو. لەکۆمەڵگەی شارنشینیدا (بەکاربردن نمایشکارانە)یە کە خزمەتی نیشاندانی ماڵ و سامان دەکات. (ڤێبلن) پێیوابوو چینی خۆشگوزەران لەو رێگەیەوە بە دەسەڵاتێکی سستماتیك دەگەن و خۆیان دەکەن بە سەرمەشقی کۆمەڵگە.( فاچلی،2003، 63) . ڤێبلن (Veblen )(لەو باوەڕەدایە ئەندامانی چینی بەکاربەر بۆ دەستخستنی جیاوازی و پێگەی کۆمەڵایەتی لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ

تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگا پێشبڕکێ دەکەن. ئەو، سەروەت و سامانی ئەم چینە بە بنەمای سەرەکی جیاوازی پێگەی کۆمەڵایەتی ئەوان دەزانێت. ئەم ماڵ و سامانەی چینی بەکاربەر خەرجییەکی ڕواڵەتی هەیە و لەسەر ئەم بنەمایە، ئەندامانی ئەم چینە، پێگە و پلەو پایەی خۆیان بەکاردەهێنن لەگەڵ ئەو بەکاربردنەی، کە ئەنجامی دەدەن تەنیا بۆ خۆ دەرخستنە، هەم خۆیان و چینەکەیان لەوانی دیکە جیادەکەنەوە، هەمیش بۆ خۆیان بەهایەکی بەرزتر دادەنێن و شێوەی ڕەفتار و بەکارهێنان و بەکاربردن بە مۆدە دەسەپێنن بەسەر ئەوانی دیکەدا.(Veblen,2007)

ئەو هەوڵی داوە بە هۆی پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکانەوە، دیاردەی مۆدە شیبکاتەوە" شیکاریەکی ڕەفتاری ململانێخوازانەی بۆ کردوە. مۆدە تایبەتە بە چینی باڵاوە، کە ئەم چینە دەیەوێت ئەوە نیشان بدات" بۆ بەدەستهێنانی داهات ناچار نییە کار بکات. مۆدە لە ئاستە باڵاکەی کۆمەڵگەدا تەشەنە دەستێنێت و لە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەشدا لاسایی دەکرێتەوە هەروەها چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵگە هەمیشە بۆ پاراستنی پێگەی کۆمەڵایەتییان شێوەی نوێ لە بەکاربردن دێننە ئاراوە و بەڕۆژانەیی دەکەن. پێوەرێکە کە چینی خۆشگوزەران بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی پێگە خۆشگوزەران و باڵا دەستەکەی، خۆی بەهۆوە پێناسە دەکات.(Veblen,2007 ).

دوو دیاردەی دیکە کە (ڤێبلن) لە تیۆرەکەیدا شرۆڤەی کردوون" جوانکاری ژنان و هەندێك لە ڕەفتارەکانی دیکەی دەوڵەمەندان. بەبۆچوونی ئەو و لەسەردەمی ئەو دا، پیاوی ئەمریکی دەسەڵات و سامانەکانیان لە ڕێگەی ژنەکانیانەوە نمایش دەکەن. ئەم بۆچوونەی (ڤێبلن) بریتییە لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی باوکسالاری، بەڵام بە فۆرمێکی زیرەکانەتر. ژنان" هەم لەڕێگەی بەکاربردنیەکی تایبەتەوە و هەمیش دروستکردنی ناو ماڵێکەوە، کە هەستی ڕێزگرتنی ئەوانیتر بۆ دەسەڵات و سامانی هاوسەرەکانیان بوروژێنن" باوکسالاری بەرهەم دێننەوە. (ڤێبلن) شێوازی ژیان بە دیاردەیەکی گرووپی دەزانێت، بە بڕوای ئەو ئەمە بەرهەمی پەیوەستبوونە بە چینەکانەوە و ماهیەتێکی سەربەخۆیانەی نییە و نموونەیەکی بوونی چینەکانە. بەهەر حاڵ، (ڤێبلن) تەنیا کۆمەڵناسی کلاسیکە کە شرۆڤەی دیاردەی بەکاربردنی کردبێت، هەر بۆیەش لە بابەتی پەیوەست بە بەکاربردن و شێوازی ژیانەوە، پێگەیەکی تایبەتی هەیە. لە نووسینەکانیدا (ڤێبلن) شێوازی ژیانی تاکەکەس بە نموونەیەکی ڕەفتاری دەستەجەمعی دادەنێت–ئەو ڕەفتارانە لە نموونەی ڕێورەسم و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێبازە هزرییەکان– هەروەها شێوازی ژیانی تاکەکەس بە ئاوێنەیەکی ڕەفتار و میکانزمی ڕۆحی و نەریتە هزری و مەعریفییەکان لە قەڵەم دەدات (مهدویکنی،2007 ،35

## 2.2. جۆرج زیمڵ( Georg Simmel):

)جۆرج زیمڵ (Georg Simel) (1858_1918) (بەهۆی ئەوەی توێژینەوەی لەسەر پاڵنەرە دەروونی و هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر دروستبوونی شێوازەکانی بەکاربردن کردووە، ئەو لەڕێی توێژینەوە لەبارەی کاریگەریەکانی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان– دەرکەوتنی شاری گەورە– توێژینەوەی بۆ شێوازەکانی بەکاربردن کردووە، لەناو کۆمەڵناسیدا (زیمڵ) ناوێکی دیارە. (فاچلی،2003) .

بەگشتی (زیمڵ) لەشیکردنەوەکانیدا بۆ بەکاربردن لە کۆمەڵگای مۆدێرندا جەختی لەسەر مۆدە کردۆتەوە وەك شێوازێکی ژیانی جیاواز. ئەو، بەکاربردن و جیاوازی کۆمەڵایەتی و مۆدە لەیەکتر جیادەکاتەوە و پێیوایە مۆدێرنە و گۆڕانکارییەکانی، تاکایەتی و شوناسێکی نوێیان بۆ تاك هێناوەتە ئاراوە، بەڵام ئەم تاکایەتیە لەنێو کۆتوبەندی کۆمەڵگادایە. بەکاربردن و رووکردنە مۆدە فرەچەشنەکان یەکێکە لەو کەناڵانەی بۆ ڕزگاربوونی تاکە لەم کۆتوبەندانە–مۆدە و بەکاربردن کۆمەڵێك چالاکی بەدوای خۆیاندا دەهێنن، لەلایەکەوە شوناسێکی نوێ بە تاك دەبەخشن و جێی پەسەندیانە، لەلایەکی دیکەوە جیاوازی چینەکانی لێ دەکەوێتەوە.(Simmel, 1957) -

بەمشێوەیە گرووپێکی خەڵك، کە مۆدە و بەکاربردنیان هاوشێوە و یەکسانە، لەنێو خۆیاندا پەیوەندی و خاڵی لێکچوو دەدۆزنەوە ئەوانی دیکە لە ڕێگەی مۆدە و چۆنیەتی بەکاربردنیان لە خۆیانی جیا دەکەنەوە. چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵگاش مۆدە وەك هێمایەك بۆ خۆ جیاکردنەوە لەوانی دیکە بەکاردەهێنن، کە شێوازێکی ژیانی جیاوازە و بە لاساییکردنەوەی چینەکانی خوارخۆیان بۆ مۆدەکانی ئەوان، دووبارە مۆدە و شێوازی بەکاربردنی نوێ دێننە ئاراوە .

بەلای (زیمڵ)ەوە، سەرەرای ئەوەی مۆدە سەرچاوەکەی لەو فشارانەوەیە کە جەنجاڵی نێو شار دروستی کردووە، ئەوا نیشانەی جیاوازی نێوان چینەکانیشە .(Holt and Searls, 1994)

لێرەدا بۆچوونی (زیمڵ) سەبارەت بە کاریگەریی دوانەیی مۆدە ڕوون و ئاشکرایە. لەلایەکەوە مۆدە بانگەشەیەکە بۆ خۆ جیاکردنەوە لەوانی دیکە و خستنەڕووی شوناس و خواستی تاکگەرایانە، لە لایەکی دیکەوە مۆرکێکی چینایەتی هەیە، هۆکارێکیشە بۆ پەیوەستبوون بە گرووپەوە و گرووتێن دەدات بە هاوئاهەنگی کۆمەڵایەتی – چینایەتی .

پارادایمی بەکاربردن لای (زیمڵ) لە دەوری شار و دیاردەکانی دوای بەشاریبوون دەخولێتەوە. لای ئەو کۆمەڵگای نەریتی هەموو ئەو کۆت و بەندانەی لە چوارچێوەی پەیوەندی گرووپدا ئازادی تاکەکەسی پێ تەوق دابوو، مژدەی دەرکەوتنی تاکگەرایی دەدا.

لەشاردا، چوونە ناو سیستەمی تەون ئاسای دابەشکردنی کار، دروستکردنی شوناس و جیابوونەوە لەوانیتری زیادکردووە. لە وەها بارودۆخێکدا، شێوەی تایبەتی بەکاربردن و شێوازی ژیان ڕێگەیەکە بۆ خۆ بنیادنان و پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی دیکە و جەنجاڵی ناو شار(Simmel,2012)

ئەو دەڵێت" شێوازی ژیان هەوڵێکی بەرجەستەی مرۆڤە لەپێناو بەدەستهێنانی بەها بنیادییەکان یان مرۆڤ دەیەوێت وەك تاکێکی باڵاتر لەنێو کولتووری باودا خۆی بەوانی دیکە بناسێنێت .(Simmel,2012)کەواتە بەکاربردنی کاڵاکان و بنیادنانی شێوازەکانی ژیان لە لایەکەوە شوناسی داوە بەتاك و لەلایەکی دیکەوە جیاوازی دروست کردووە بەواتایەکی دیکە، مرۆڤ لەپێناو ئەو مانایەی کە باوەڕی پێیەتی (تاکیەتی باڵاتر) جۆرەها رەفتار ئەنجامدەدات. (زیمل) توانای شێوە بژاردەیەکی لەم جۆرەی ناوناوە (سەلیقە) و پەیوەندی نێوان جۆرەکانی سەلیقەشی ناوناوە (شێوازی ژیان). هەروەها پێیوایە شێوازی ژیان بریتیە لە بەرجەستەکردنی هەندێ بیروباوەڕ لە چوارچێوەیەکی شێوە کۆمەڵایەتیانەدا. جۆرە خۆنواندنێکی وەك تاکێکی باڵاتر و بێ هاوتا، بەجۆرێك ئەو بێ هاوتاییە ئەوانی دیکە درکی پێ بکەن (مهدوی کنی، 2009).

سەرەرای ئەوانەی سەرەوە، (زیمل)، جیاوازیکردن لەنێوان شێوازەکان (رەفتاری پێشبینکراو لەچوارچێوەی کولتووری باودا) و مانای (تاکیەتی باڵاتر) و شێوازی پەسەندکراو و ڕێوشوێنی دروستبوونیان، کە هەموویان چەند جۆرە شێوازێکن، بە (مانا)وە دەبەستێتەوە. تێگەیشتنی (زیمل) بۆ شێوازی ژیان بریتیە لە پەیوەندی نێوان هەموو ئەو شێوازانەی کە تاکەکانی کۆمەڵگایەك بەپێی پاڵنەرە دەروونی و سەلیقەکانیان و لەرێی هەوڵەکانیانەوە بۆ هێنانە کایەی هاوسەنگیەك لەنێوان کەسایەتی ناوەکی و ژینگەی سروشتی و مرۆیی، هەڵیان بژاردوون .(Simmel, 1957) بەم پێیە دەتوانرێت بگوترێت، (زیمل) لەرێگەی برەودان بە تاکگەراییەوە هەروەها ئامانجی تاك بەدەستهێنانی پێگە هێمایەکان و مۆدەیە، ئەوا بەهۆیەوە –تاك– توانای دەبێت بەرگەی فشارەکانی ژیانی مۆدێرن بگرێت، ئەم جۆرەی بەکاربردن کەناڵێکە بۆ (خۆسەلماندن) و پارێزگاریکردن لە دەسەڵاتدارێتی و جۆرێکی شێوازی ژیانە کە تاك پەیرەوی دەکات بۆ خۆجیاکردنەوە لەوانی دیکە .

زیمل بەهۆی ئەوەی توێژینەوەی لەسەر پاڵنەرە دەروونی و هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر دروستبوونی شێوازەکانی بەکاربردن کردووە و لە ڕێی توێژینەوەی لەبارەی کاریگەرییەکانی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان – دەرکەوتنی شاری گەورە– توێژینەوەی بۆ شێوازەکانی بەکاربردن کردووە، ئەوە لەناو کۆمەڵناسیدا ناوێکی دیارە. میراتی ئەو هێڵە فکرییەی زیمل دەتوانین لەو کۆمەڵە شرۆڤەکارییانە ببینینەوە: لەشاری مۆدێرندا شوێنێك بۆ کڕین ، چوونە یانەکان، بەکورتی ناویان ناوە بەکاربردن (فاچلی،41،2003) .

دیاردەی بەکاربردن بە تەنها و وەك تێگەیشتنی ڤێبلن لەنێو ئەندێشە و بەرهەمەکانی (زیمل)دا بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدراوە، تیۆری بەکاربردنی زیمل لە دەوری شار و دیاردەکانی دوای بەشاریبوون دەخولێتەوە. لای زیمل کۆمەڵگەی نەریتی هەموو ئەو کۆت و بەندانەی لە چوارچێوەی پەیوەندی گرووپ و ئازادی تاکەکەسی پێ تەوق دابوو، مژدەی دەرکەوتنی تاکگەرایی دەدا. لەشاردا، چوونە ناو سستەمی تەون ئاسای دابەشکردنی کار، دروستکردنی شوناس و جیابوونەوە لەوانیتری زیادکردووە. لە وەها بارودۆخێکدا، شێوەی تایبەتی بەکاربردن و شێوازی ژیان، ڕێگەیەکە بۆ خۆ بنیادنان و پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی دیکە و جەنجاڵی ناو شار. (زیمل) درکی بەوە کردبوو کە بۆرژوازییەتی بەرلین بۆ ڕووبەڕووبونەوە گوماناوییەکەی لە نێو ژیانی شاردا و پارێزگاریکردن لە شوناسی خۆی، سوودی لە بەکاربردن وەردەگرت(Nury, Bezhen and other,2005)

ئەو دەڵێت" شێوازی ژیان، هەوڵێکی بەرجەستەی مرۆڤە لەپێناو بەدەستهێنانی بەها بنیادییەکان یان مرۆڤ دەیەوێت وەك تاکێکی باڵاتر لەنێو کلتوری باودا خۆی بەوانی دیکە بناسێنێت. بەواتایەکی دیکە، مرۆڤ لەپێناو ئەو مانایەی کە باوەڕی پێیەتی (تاکیەتی باڵا تر)، جۆرەها رەفتار دەگرێتە بەر. (زیمل) توانای شێوە بژاردەیەکی لەم جۆرەی ناوناوە (سەلیقە) و پەیوەندی نێوان جۆرەکانی سەلیقەشی ناوناوە (شێوازی ژیان). هەروەها پێیوایە شێوازی ژیان بریتییە لە بەرجەستەکردنی هەندێ بیروباوەڕ” لە چوارچێوەیەکی شێوە کۆمەڵایەتییانەدا. جۆرە خۆنواندنێکی وەك تاکێکی باڵاتر و بێ هاوتا” بەجۆرێك ئەو بێ هاوتاییە ئەوانی دیکە درکی پێ بکەن

سەرەڕای ئەوانەی سەرەوە (زیمل)” جیاوازیکردن لەنێوان شێوازەکان (رەفتاری پێشبینکراو لەچوارچێوەی کلتوری باودا) و مانا(تاکیەتی باڵاتر) و شێوازی پەسەندکراو و ڕێوشوێنی دروستبوونیان، کە هەموویان جۆرە شێوازێك بن، بە ماناوە دەبەستێتەوە. پێناسەی (زیمل) بۆ شێوازی ژیان بریتییە لە پەیوەندی نێوان هەموو ئەو شێوازانەی کە تاکەکانی کۆمەڵگەیەك، بەپێی پاڵنەرە دەروونی و سەلیقەکانیان و لەڕێی هەوڵەکانیانەوە بۆ هێنانە کایەی هاوسەنگییەك لەنێوان کەسایەتی ناوەکی و ژینگەی سروشتی و مرۆیی، هەڵیان بژاردوون. بە بروای زیمل، لەرێگەی برەودان بە تاکگەراییەکەیەوە، کە ئامانجی تاك بەدەستهێنانی پێگە هێماییەکان و مۆدەیە، کە بەهۆیەوە توانای

دەبێت بەرگەی فشارەکانی ژیانی مۆدێرن بگرێت. ئەم جۆرەی بەکاربردن کەناڵێکە بۆ (خۆسەلماندن) و پارێزگاریکردن لە دەسەڵاتدارێتی (اباژری و چاوشیان، 2002)، دواجار هەڵگرتن و نیشاندانی شێوازێکی ژیانی دیاریکراو.

بەگشتی (زیمل) لەشیکردنەوەکانیدا بۆ بەکاربردن لە کۆمەڵگای مۆدێرندا جەختی لەسەر مۆدە کردۆتەوە وەك شێوازێکی ژیانی جیاواز. ئەو، بەکاربردن و جیاوازی کۆمەڵایەتی و مۆدە لەیەکتر جیادەکاتەوە و پێیوایە مۆدێرنە و گۆڕانکارییەکانی، تاکایەتی و شوناسێکی نوێیان بۆ تاك هێناوەتە ئاراوە، بەڵام ئەم تاکایەتیە لەنێو کۆتوبەندی کۆمەڵگادایە. بەکاربردن و رووکردنە مۆدە فرەچەشنەکان یەکێکە لەو کەناڵانەی بۆ رزگاربوونی تاکە لەم کۆتوبەندانە–مۆدە و بەکاربردن کۆمەڵێك چالاکی بەدوای خۆیاندا دەهێنن، لەلایەکەوە شوناسێکی نوێ بە تاك دەبەخشن و جێی پەسەندیانە، لەلایەکی دیکەوە جیاوازی چینەکانی لێ دەکەوێتەوە(Clemens,2000) -، Nury, Bezhen and other,2005)

### 3.2. ماکس ڤیبەر(Max Weber):

)ڤێبەر (1864_1920) (Max Weber) (بە پێچەوانەی (ڤێبلن و زیمل)، چەمکی شێوازی ژیانی لا مەبەستە. لەناو هەموو کۆمەڵناسانی کلاسیکدا (ڤێبەر) تەنیا کەسە، کە بەبێ بوونی هیچ جۆرە ئەندێشەیەکی تێروتەسەل دەربارەی بەکاربردن و رۆڵی لەدنیای مۆدێرندا، سوودی لەچەمکی شێوازی ژیان وەرگرتووە. بۆ توێکاری توێژبەندی کۆمەڵایەتی، ئەو سێ چەمکی بەکارهێناوە، ئەوانیش بریتین لە: چین و حزب. ڤێبەر چەمکی شێوازی ژیان بەکاردەهێنێت بۆ جیاکردنەو و خوێندنەوەی چینایەتی و نایەکسانی کۆمەڵایەتی. ئەو لە شیکردنەوەکانیدا بۆ چینی کۆمەڵایەتی، سەرەرای رۆڵی هۆکارە ئابوورییەکان کە (مارکس) جەختی لەسەر کردوونەتەوە، ئەم پێگەی کۆمەڵایەتی و حزبیشی بۆ زیادکردووە، ئەم سێ هۆکارە پێکەوە بە پشکدار دەزانێت بۆ نایەکسانی کۆمەڵایەتی (فاچلی، 2003). هەروەها (ڤێبەر) کاتێك باسی شێوازی ژیان دەکات، لەچوارچێوەی گۆڕاوەکانی وەك (تەمەن، رەگەز، نەتەوە)وە شیکردنەوەکانی دەکات و پێیوایە کاریگەریەکی بەرچاویان هەیە لە هەڵبژاردنەکانی تاك، لەوانەش شێوازی ژیانێکی دیاریکراو. هەروەها لەبارەی گرووپە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ئەوا پێیوایە گرووپەکان خاوەن رێز و ئابرۆی خۆیانن و شێوازی ژیانی تایبەت بەخۆیان هەیە و هەر بەپێی ئەم بنەمایەشە کە گرووپەکان لێك جیادەکرێنەوە. بەشێوەیەکی گشتی (ڤێبەر) لەوباوەڕەدایە) شێوازی ژیان پەیوەستە بە پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و گرووپە جیاوازەکان شێوە ژیانی جیاوازیان هەیە و خاڵی جیاوازیشیان لەو شتانەدایە، کە بەکاریان دێنن و خەرجیان دەکەن .(Weber, 1978))

چەمکی شێوازی ژیان لای (ڤێبەر) بەرهەمی بیرکردنەوەکانییەتی دەربارەی گرووپە لۆکاڵیەکان. بە باوەڕی (تۆمین)(Tomin)، (ڤێبەر) چەمکی شێوازەکانی ژیانی بەکارهێناوە بۆ ئاماژەکردن بە شێوەکانی رەفتار، پۆشینی جل و بەرگ، قسەکردن، بیرکردنەوەو هەموو ئەو تێروانینانەی کە خاسیەتی جیاکەرەوەی گرووپە لۆکاڵیەکان بوون بەلای ئەو کەسانەوە، کە دەیان ویست بە بەشێك لەو گرووپە لۆکاڵییە جیاوازانە هەژمار نەکرێن (فاچلی، 2005) .

)دینیز رەنگ (Deenis Runge) (لە وتارێکیدا دەربارەی هزرەکانی (ڤێبەر) دەڵێت: مەبەستی (ڤێبەر) لە شێوازی ژیان، بەهاو رێورەسمێکی هاوبەشە، کە شوناسێکی هاوبەش بە گرووپ دەبەخشێ. (جەیمس ماکای) (James Mackay) لەبارەی دیدگای (ڤێبەر)ەوە دەڵێت: مەبەستی (ڤێبەر) لەشێوازی ژیان ئەو رێبازانەن کە چین و گرووپە وێکچووەکان لە ژیاندا خولقاندوویانن، لەبەر ئەوە (ڤێبەر) شێوازی ژیان بە هاوواتای چینی کۆمەڵایەتی دانانێت، بەڵکو بە پێناسەی ئەوی دەزانێت. بە واتایەکی دیکە ئەم بابەتە–شێوازی ژیان– پێناسەیەکە، کە سنووری نادیاری نێوان پێگەکان و توێژە کۆمەڵایەتییەکان دیاری دەکات (فاچلی، 2003) (ڤێبەر) شێوازی ژیان بە کۆمەڵێك رەفتار دەزانێت، کە خواستەکان دەبنە پاڵنەریان و دەرفەتەکانی ژیان پانتاییەکن بۆ دەرکەوتنیان (مهدی کنی،2009). بەهەمان شێوە (ڤێبەر) پانتاییەکی فراوانتر دەبەخشێتە شیکاری توێژبەندی کۆمەڵایەتی. لەرێی چەمکەکانی ئەوەوە دەتوانرێت شرۆڤەی نایەکسانی جیاوازییەکان لە ئاستی ستوونی و ئاسۆییدا بکرێت. بۆ نموونە: چەمکی چین لای (مارکس) تەنیا دەتوانێت کۆمەڵگا لەشێوە ستوونییەکەیدا پلەبەند بکات و دابەشبوونی چینایەتی بۆ بکات، بەڵام چەمکی پێگە دەتوانێت خوێندنەوەی پێگە جیاجیاکانی نێو یەك چینی پێ بکرێت و چەمکی شێوازی ژیان دەتوانێ رەفتارە جیاوازەکان لەنێو یەك پێگە یان چیندا جیابکاتەوە. لەبەر ئەوە بەلای (ڤێبەر)ەوە شێوازەکانی ژیان جگە لەوەی جیاوازی دروست دەکەن لە نێوان گرووپەکاندا، رەوایەتیش دەدەن بە باڵایی پێگە و چینەکانیش .

یەکێك لە دەستکەوتەکانی دیکەی (ڤێبەر) بریتیە لە جەختکردنەوە لەسەر کاریگەریی شێوازەکانی ژیان بە ئاراستەی دروستکردنی گونجان لەنێو گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا. کەواتە دەتوانرێت بگوترێت بەلای (ڤێبەر)ەوە ئەو کەسانەی خاوەنی شێوازی ژیانی هاوبەشن جۆرێك لە هاوئاهەنگی گرووپی، کە سەرچاوەکەی لە لێکچونی رەفتارەکانیان و وەك یەکی شێوەی خەرجکردنەوە دێت، دروست دەکات. ئەو هەماهەنگیە دەکرێت بگۆڕێت بۆ سەرمایەی کۆمەڵایەتی (فاچلی، 2005). یەکێك لە شێوەکانی دیکەی

هەماهەنگی، کە لە شێوازی ژیانەوە سەرچاوە دەگرێت بریتیە لە گۆڕانی بەرەو وردە کولتوور. (ڤێبەر) بە جۆرێك لە بارەی شێوازی ژیانەوە دەدوێت وەك بڵێی باس لە وردە کولتوور دەکات (مهدی کنی، 2009).

لەناو هەموو کۆمەڵناسانی کلاسیکدا ڤیبەر تەنها کەسە کە بەبێ بوونی هیچ جۆرە ئەندێشەیەکی تێروتەسەل دەربارەی بەکاربردن و ڕۆڵی لەدونیای مۆدێرندا.سودی لەچەمکی شێوازی ژیان وەرگرتووە. بۆ توێکاری توێژبەندی کۆمەڵایەتی، ئەوا ڤیبەر سێ چەمکی بەکارهێناوە ئەوانیش بریتین لە چین ، گروپی لۆکاڵی و حزب . ڤیبەرو شوێن کەوتوانی دەربارەی پێگە دواون (چیلەر) (Chelar)، )ئیستمان(Estman) (، )گۆلد سمیت ( (Goldsmith)، )فلاین(Fline) (باس لەسێ سەرچاوەی وەرگیراو (–پێگەیی بۆماوەیی–)، بەدەستهێنراوە ( سەرکەوتن لەکاردا ) و بەکاربردنی پەیوەست بە پێگە (–کڕینی کاڵای لۆکس– ) . (برۆکس) (Brooks) و (ساوتۆرت) (Southworth) لەڕێی گەڕانەوە بۆ نوسینەکانی ڤیبەر(، هەرسێ چەمکی شێوازی ژیان خوێندنی فەرمی و پرستیژی بۆماوەیی یان پیشەیی بەسەرچاوەی پێگە دەزانن(اباژری و چاوشیان، 2002.(

چەمکی شێوازی ژیان لای ڤیبەر بەرهەمی بیرکردنەوەکانیەتی دەربارەی گروپە لۆکاڵییەکان. بە باوەڕی (تۆلۆنین) (Tolonen)، ماکس ڤیبەر چەمکی شێوازەکانی ژیانی بۆ ئاماژەکردن بە شێوەکانی ڕەفتار، پۆشینی جل و بەرگ، قسەکردن، بیرکردنەوەو هەموو ئەو تێڕوانینانەی کە خاسیەتی جیاکەرەوەی گرووپە لۆکاڵییەکان بوون و بەلای ئەو کەسانەوە کە دەیان ویست بە بەشێك لەو گرووپە لۆکاڵییە جیاوازانە هەژمارنەکرێن، بەکارهێناوە

)دینیز ڕەنگ(Deenis Runge) (لە وتارێکیدا دەربارەی فکرەکانی ڤیبەر دەڵێت : مەبەستی ڤیبەر لە شێوازی ژیان ، بەهاو ڕێو ڕەسمێکی هاوبەشە کە هەستی شوناسیەکی هاوبەش بە گرووپ دەبەخشێ (جەیمس ماکای) (James Mackay)لەبارەی دیدگای ڤیبەرەوە دەڵێت: مەبەستی ڤیبەر لەشێوازی ژیان ئەو ڕێبازانەن کە چین و گرووپە هاوڕێکەکان لە ژیاندا خولقاندویانن. ئەم بابەتە (شێوازی ژیان ) پێناسێکە کە سنووری نادیاری نێوان پێگەکان و توێژە کۆمەڵایەتیەکان دیاری دەکات . ڤیبەر شێوازی ژیان بە کۆمەڵێك ڕەفتار دەزانێت کە خواستەکان دەبنە پەڵنەریان و دەرفەتەکانی ژیان پانتاییەکن بۆ دەرکەوتنیان. بەهەمانشێوە ڤیبەر پانتاییەکی فراوانتر دەبەخشێتە شیکاری توێژبەندی کۆمەڵایەتی. لەڕێی چەمکەکانی ڤیبەرەوە دەتوانرێت شرۆڤەی نایەکسانی جیاوازیەکان لە ئاستی ستوونی و ئاسۆییدا بکرێت. بۆ نمونە چەمکی چین لای مارکس تەنها دەتوانێت کۆمەڵگە لەشێوە ستوونیەکەیدا، دابەشبوونی چینایەتی بکات، بەڵام چەمکی پێگە دەتوانێت خوێندنەوەی پێگە جیاجیاکانی نێو یەك چین پێ بکرێت و چەمکی شێوازی ژیان دەتوانێ ڕەفتارە جیاوازەکان لەنێو یەك پێگە یان چیندا جیابکاتەوە (مهدویکنی، 2007 306).

لەبەر ئەوە بەلای ڤیبەرەوە شێوازەکانی ژیان جگە لەوەی جیاوازی دروست دەکەن لەنێوان گرووپەکان، ڕەوایەتیش دەدان بە باڵایی پێگە و چینەکانیش . گرووپەکان لەڕێگەی شێوازی ژیانەوە دەگۆڕێن بۆ گرووپی مەرجەعی و پێوەرەکانی داوەری کۆمەڵایەتی نرخاندنی ئەخلاقیش پێناس دەکەن. یەکێك لە دەستکەوتەکانی تری ڤیبەر، بریتییە لەجەخت کردنەوە لەسەر کاریگەری شێوازەکانی ژیان بە ئاراستەی دروستکردنی گونجان لەنێو گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا. بەلای ڤیبەرەوە ئەو کەسانەی خاوەنی شێوازی ژیانی هاوبەشن جۆرێك لە هاو ئاهەنگی گرووپی کە سەرچاوەکەی لە لێکچوونی ڕەفتارەکانیان و وەك یەکی شێوەی خەرجکردنەوە، دروست دەکات. ئەو هەماهەنگییە دەکرێت بگۆرێت بۆ سەرمایەی کۆمەڵایەتی.( یەکێك لە شێوەکانی تری هەماهەنگی کە لە شێوازی ژیانەوە سەرچاوە دەگرێت، بریتییە لە گۆڕانی بەرەو وردە کلتور. بەبۆچونی ئەنس باخێر (Anas baxher)ڤیبەر بەجۆرێك لە بارەی شێوازی ژیانەوە دەدوێت وەك بڵێی باس لە وورده کلتور دەکات . (ژکایی،2005

د (Douglas and Isherwood)

م. ج.( بری ن ئاو. ،2003

### 4.2. ئەنتۆنی گیدینز(Anthony Giddens) :

لە دەیەکانی رابردوودا تیۆرە کۆمەڵایەتیەکان جەختیان کردوەتەوە لەسەر گرنگی شێوازی ژیان، کە کاریگەریی لەسەر رەهەندە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی هەیە وەك: شوناسی کۆمەڵایەتی و کەسایەتی، شار و شارنشینی، پێگەی کۆمەڵایەتی و جیاوازی – گرووپی ئایینی و ئێتنی و تەنانەت سیاسیش وەك (گیدنز) (1991) لە کتێبەکەیدا –مۆدێرنیتە و شوناس– ئاماژەی پێدەکات. بەمپێیە سەرنج دەدرێت کە شێوازی ژیان وەك بابەتێك بۆ تیۆریزەی کۆمەڵایەتی و توێژینەوە، پێشکەوتنی بەخۆوە بینی.

هەروەها (ئەنتۆنی گیدنز) (1938_) (Anthony Giddens)

(لە هەوڵێکی بۆ دەربازبوون لە دوفاقی هۆکارێتی و پێکهاتەدا، تیۆری (پێکهاتن)ی خستەڕوو و جەختی کردووەتەوە لەسەر ڕۆڵی هەردوو فاکتەرەکە لە یەك کاتدا و لە دیدی ئەوەوە مرۆڤەکان وەك بکەرێکی کۆمەڵایەتی هێزی پەرچەکرداریان (Reflexivity) هەیە، دواجار بە ئەنجامدانی ئەم کارە لەلایەکەوە چالاکییەکانی خۆیان لە کۆمەڵگادا دووبارە پێیانادەچنەوە و تایبەتمەندییەکانیان دەگۆڕن، لەلایەکی دیکەوە بەم کارەیان

توانستی کاریگەریی بۆ گۆڕانی دۆخی کۆمەڵایەتیان وەدەستدەخەن) .(Giddens, 1991 ) گیدنز) بەدیهاتنی شێوازی ژیان بە بەرهەمی پەرچەکردار دەزانێت بەرامبەر بە جیهانی مۆدێرن و ئەم حاڵەتە لە سەدەکانی بەر لە مۆدێرنە و شارستانییەتە کلاسیکەکان هێندە باو نەبووە و بەکارنەبراوە، چونکە بوون بە خاوەنی شێوە ژیانێکی دیاریکراو، بەندە بەوەی کە تاکەکان لەنێوان بژاردەی جیاواز هەڵبژاردن بکەن. (فاچلی، 2003). ئەم پەرچەکرداره واتە تاکەکان بەردەوام سوود لە بەرهەمە نوێکان دەبینن بۆ ڕێکخستنەوەی خۆیان و ئەمە بنچینەی گۆڕانی شوناسیانە. کەواتە تاك بە هەڵبژاردنی شێوازی ژیانی تایبەت بەخۆی، هەم شوناسێکی پەسەند و دڵخوازی خۆی پێکدەهێنێت و دەیخاتە بەرچاوی ئەوانی دیکە، هەمیش پێداویستییەکانی ژیانی خۆی دابین دەکات.

هەروەها (گیدنز) لە هەوڵێکی بۆ دەربازبوون لە دوفاقی هۆکارێتی و پێکهاتەدا، تیۆری(پێکهاتن)ی خستەروو و جەختی کردووەتەوە لەسەر ڕۆڵی هەردوو فاکتەرەکە لە یەك کاتدا و لە دیدی ئەوەوە )مرۆڤەکان وەك بکەرێکی کۆمەڵایەتی هێزی دووبارە بیر لێکردنەوەیان (Reflexivity)هەیە، دواجار بە ئەنجامدانی ئەم کارە لەلایەکەوە چالاکییەکانی خۆیان لە کۆمەڵگەدا دووبارە پێیان دادەچنەوە و تایبەتمەندییەکانیان دەگۆڕن، لەلایەکی دیکەوە بەم کارەیان توانای کاریگەریی بۆ گۆڕانی دۆخی کۆمەڵایەتییان وەدەستدەخەن .(Giddens, 1991 )(

(گیدنز) بەدیهاتنی شێوازی ژیان بە بەرهەمی دووبارە بیرلێکردنەوە لە جیهانی مۆدێرنە دەزانێت و ئەم حاڵەتە لە سەدەکانی بەر لە مۆدێرنە و شارستانیەتە کلاسیکەکان هێندە باو نەبووە و بەکارنەبراوە، چونکە بوون بە خاوەنی شێوازە ژیانێك بەندە بەوەی کە تاکەکان لەنێوان بژاردەی جیاواز هەڵبژاردن بکەن. تاك بە هەڵبژاردنی شێوازی ژیانی تایبەت بەخۆی، هەم ناسنامەیەکی پەسەند و دڵخوازی خۆی پێکدەهێنێت و دەیخاتە بەرچاوی ئەوانی دیکە، هەمیش پێداویستییەکانی ژیانی خۆی دابین دەکات.

### 5.2. پییێر بۆردیۆ4(Pierre Bourdieu) :

بێگومان (پییێر بۆردیۆ) )(Pierre Bourdieu) (1930_2002، کاری ناوازەی ئەنجامداون، بایەخی نووسینەکانی ئەو هێندە زۆرن وایانکردوە هەر توێژینەوەیەك لەبارەی شێوازی ژیانەوە ئەنجام بدرێت دەبێت بۆ نووسینەکانی ئەو بگەڕێتەوە. ناسراوترین کۆمەڵناسە کە دەربارەی بەکاربردن و شێوازی ژیان نووسیویەتی. زۆرێك کتێبی (جیاوازی) (Distinction)ی ئەو بە ئینجیلی توێژەرانی ئەو بوارەی دادەنێن. کەم ڕێك دەکەوێت تێکستێك ببینینەوە لەو بوارەدا نووسرابێت و سوودی لە بۆچوونەکانی ئەو وەرنەگرتبێت، هەر لەبەر ئەوەیە کە لەم بەشەدا هەوڵدەدرێت بە تێروتەسەلی زۆربەی هزرەکانی ئەو سەبارەت بە شێوازی ژیان بخرێنەڕوو. ڕەنگە بەشێك لە هۆکاری ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە (بۆردیۆ) تاکە کەسە کە بنیادێکی تیۆری پتەوی بۆ شرۆڤەکردنی شێوازی ژیان و دیاردەی بەکاربردن داڕشتبێت .

کۆمەڵێك چەمکی بنچینەیی (بۆردیۆ) هەن، کە تەنیا لەڕێگەی شیکردنەوەیانەوە دەتوانرێت بۆچوونێکی تەواومان لەسەر تیۆرەکەی سەبارەت بە شێوازی ژیان دەستبکەوێت و بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە بیروبۆچوونەکانی لەم بوارەدا، چەمکەکانیش وەك: (سەرمایە، ئاکار، سەلیقە و هابیتۆس) .

بە بڕوای (بۆردیۆ) بەکاربردن بنەمایەکی سەرەکییە بۆ ئەم سەردەمە و لەوبارەیەوە خوگرتنی تاکەکان لە دروستکردنی شێوازی بەکاربردنەکانیان کاریگەریەکی زۆری هەیە. ئەو جۆرەکانی سەرمایە دەناسێنێت و لەنێویاندا (سەرمایەی کولتووری)، بەواتای بەکاربردنی کولتووری زۆر بە گرنگ دەزانێت، چونکە ڕەوایەتی بە جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان دەبەخشێت (Trigg, 2001) هەر لەسەر ئەم بنەمایەشە کە پۆلێنبەندی لەنێوان هەمان چیندا دەکات. گرووپە باڵا دەستەکان، پێوەری شێوازی ژیانیان بە گرنگ دەردەخەن و بەم کارەیان پێگە و هەژموونی خۆیان بە یاسایی دەخەنەڕوو و پارێزگاری لەو پێگەیەیان دەکەن.

هەروەها (بۆردیۆ) شێوازی ژیان بە بەرهەمی نەریتێکی ڕێکخراو دادەنێت، کە بەهۆی پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەو نەریتەدا، درکی پێ دەکرێت و وەك سستمێك لە هێمای لێدێت، کە بەشێوەیەکی سیمبوڵی شوناس بە تاك دەبەخشێت و لەنێو گرووپە جیاوازەکاندا، جیاوازی دروست دەکات. کەواتە، نەریت و سەرمایەکانی تاك لە زەمینە جیاوازەکان لەنێو ڕەوشی کۆمەڵایەتیدا، نموونەی بەکاربردنن، بەوپێیەش شێوازە ژیانێکی تایبەت بۆ تاك و گرووپ دەهێنێتە دی، کە دەبێتە هۆی جیاوازی کۆمەڵایەتی و شوناس بەخشین (تاکەکان بۆ دەستکەوتنی هەموو جۆرە جیاوازەکانی سەرمایە دەست دەکەن بە بەکارهێنانی کولتووری ماددی. زۆرینەی خەڵك هەوڵدەدەن بە بەکارهێنانی جۆرێکی دیاریکراوی شمەك و کاڵا یان جۆرێکی دیاریکراوی پۆشاك..هتد، گۆڕان و پێگەی چینایەتی خۆیان ڕابگەیەنن و شوناسێکی چینایەتی و شێوازێکی نوێی ژیان وەدەستبخەن).(Bourdieu,1984)

لای (بۆردیۆ) کۆمەڵگا وەك فەزایەکی کۆمەڵایەتی خۆی دەردەخات، ئەم فەزایەش شوێنێکە بۆ ململانێی توند و بێ کۆتاو لە ڕەوتی ئەو ململانێیەشدا کۆمەڵێك جیاوازی دەردەکەون، کە کەرەستەو چوارچێوەیەکی پێویست بۆ بوونی کۆمەڵایەتی فەراهەم دەکەن. ئەم فەزایە بوونێکی پارچە پارچەی هەیە تیایدا مۆدێلی

بچووك لە ياسا، ڕێسا و شێوازەكانی دەسەڵات بوونیان هەیە. ئەو مۆدێلە بچووك و جیاوازانە پێیان دەوترێت كایە (مەیدان). كایە جۆرێكە لە قەڵەمڕەوی ژیانی كۆمەڵایەتی. هەندێك لە پێگەكان دەخولقێنێت و پارێزەری كردەكانی پەیوەست بەو پێگانەشە (Bourdieu,1984).

ئاكار، یەكێكە لەو چەمكانەی (بۆردیۆ)، كە زۆرترین مشتومڕی لەسەرە و بوونی بنچینەیی شیكاری (بۆردیۆ) بۆ كردەكانی مرۆڤ لەخۆیدا هەڵدەگرێت. بە بڕوای ئەو، ئاكار، سستمێكە لەخواستە بەردەوام و گواستراوەكان، كە وەك كاری بەرهەمدار، بنیادنەر و بەشێوەی بەرجەستەبوو ڕۆڵ دەبینێت. لای (بۆردیۆ) ئاكار، بنیادنەر و هەماهەنگ بەخشی هەلومەرجی ناوەكی چینەكانە. ئاكار وەك ڕێسایەك دەردەكەوێت كەوا لە مرۆڤەكان دەكات كۆنترۆڵی ڕەفتارەكانی خۆیان بكەن (گرنفل، 2008)

چەمكیكی دیكەی (بۆردیۆ) سەلیقەیە .(Taste) لای ئەو سەلیقە بریتیە لە هەلومەرجێك یان كارامەییەك لە میانەیەوە ڕستێك لە شمەك یان كردار بەشێوەی مادی یان هێمایی بەناونیشانی كۆمەڵێكی پەسەندكراو، جیادەكرێنەوە. لای (بۆردیۆ) شێوە جیاجیاكانی خاوەنداریكردنی سەرمایە لەناواخنی یەك چیندا، بریتیە لە بوونی سەلیقەی جیاواز. ئەگەرچی لە رووكەشدا سەلیقەكان بەشێوەی سەربەخۆ و لەنێو فەزای كۆمەڵایەتیدا دروست دەبن، بەڵام بەرهەمی ئاكارگەلێكن، كە ماهیەتێكی چینایەتیان هەیە (گرنفل، 2008) و ئەوەشە كە شێوازێكی ژیانی جیاوازیان پێ دەبەخشێت .

یەكێك لە چەمكە كلیلەكانی (بۆردیۆ) كە (جیاوازی)یە، بەمجۆرە پێناسە دەكرێت (جیاوازی بەمانای كۆمەڵێك جیاكردنەوە دێت، كە لە ڕەفتار و شێوازەكانی ژیانی تاكەكانی كۆمەڵگا، لە پێگە و لەلایەنی سەرمایە و بوونیان لە كایە كۆمەڵایەتییە جیاوازەكاندا، ڕەنگ دەداتەوە). لە ڕوانگەی (بۆردیۆ)وە، هەموو ئەو شتانەی ناونراون سەلیقەی كولتووری، بژاردە هونەرییەكان–دەشێ بە تەواوی سروشتی و وەك بەشێك لە سەلیقەی تاكەكەسی هەژماركرابێتن–پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆ و سەلمێنراویان بە هەلومەرجی پێگەی كۆمەڵایەتیانەوە هەیە. ئەم بابەتەی لە كتێبی (جیاوازی)دا كە بەرهەمی توێژینەوەیەكی مەیدانی تێر و تەسەلە، باسكردووە. ئەو سەلماندویەتی چۆن دەتوانرێت لەنێو ناوەندە جیاوازەكانی وەك وەرزش، خۆراك، جلوبەرگ، سەلیقەی هونەری، مۆسیقا، فۆتۆگرافەری و ئەدەبیات لەلایەكەوە و هەلومەرجی كۆمەڵایەتی تاكەكانیش لەلایەكی ترەوە، پەیوەندییەكی لۆژیكی ببینرێتەوە(Bourdieu,1984) .

(بۆردیۆ) ئەوە دەخاتەڕوو، كە لە كۆمەڵگایەكی وەك فەرەنسا لەكایەی دەسەڵاتدا، سەروكارمان لەگەڵ كاریگەریی و شێوە ژیانێكە كە بژاردەی سەرگەرمیان بریتیە لە خلیسكەی سەر ئاو، تێنس، ئەسپسواری، شەترەنج، گۆلف، ژەنین و گوێگرتن لە پیانۆ، لەكاتیكدا لە جەمسەری بەرامبەردا، تۆپی پێ، ڕاوە ماسی و ژەنین و گوێگرتنە لە ئۆكۆردیۆن. ئەو نیشانی دەدات، كە هەر لە ئۆتۆمبیلەوە بیگرە تا دیزاینی ناوماڵ، لەوشوێنەی كە دەستنیشانكراوە بۆ وێنەگرتن تا ئەو شتەی كە تاكەكان دەیخۆن و دەیخۆنەوە، ئاراستەیەكی ناچاری كۆمەڵایەتین بۆ تاكەكان (Bourdieu,1984)

كەواتە تێبینی دەكرێت كە بە دیدی (بۆردیۆ) شێوازی ژیان بەشێوەی هێمایی شوناس دەبەخشێتە تاك و لەنێو توێژە كۆمەڵایەتییە جیاوازەكاندا جیاوازی دەخولقێنێت. بەو واتایەی بەهای ئەو چالاكییانە لە پێگەكانیان لەنێو سیستەمی پێكدژی و پەیوەندییەكاندا وەردەگیرێن. (بۆردیۆ) لە شوێنێكی دیكەدا شێوازی ژیان بەو مانایە دادەنێت، كە لە ڕێیەوە خاوەن پێگە جیاوازەكان بەمەبەست یان بێ مەبەست خۆیانی پێ لەوانی دیكە جیادەكەنەوە .

هەروەها چەمكێكی دیكەی (بۆردیۆ) كە پەیوەندی بە شێوازی ژیانەوە هەیە بریتیە لە (هابیتۆس) .(Habitus) بە لای ئەوەوە واقیعی ژیانی كۆمەڵگا دوو ئاستی هەیە، یەكەمیان كایە كۆمەڵایەتییەكانن، ئەمانە دەكەونە دەرەوەی تاكەكانەوە و بنیادی سەربەخۆی خۆیانیان هەیە. ئاستی دووەمیش بریتیە لە واقیعی كۆمەڵگا لە ژیانی تاكەكاندا، بەم پێیەش هابیتۆس لە یەك كاتدا بوونی واقیعی كۆمەڵگا و كایەكانە لە جەستەی تاكدا. لای (بۆردیۆ) هابیتۆس بریتیە لە سستمێك و تاكەكان بەهۆیەوە لە جیهانی دەرەوە تێدەگەن و لەمیانەیەوە ئەو جیهانە هەڵدەسەنگێنن. بەڵام لەهەمان كاتیشدا، هابیتۆس سستمێكیشە بۆ تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی پراكتیكی خودی تاكەكان. هابیتۆس بنیادێكی جەستەیی و بڕیار لەسەر دراوە، كە بووەتە بنچینەی ئەو ڕەفتار و بیركردنەوە و جۆری هەڵبژاردنانەی تاك لە ژیانی كردەییدا ئەنجامیان دەدات (گرنفل، 2008).

بەكورتی، لەم ڕۆژگارەدا شوناس و پێكهاتنی، پرۆسەیەكی دووبارە بیرلێكراوەیە، كە تاك دووبارە بیری لێدەكاتەوە بۆ هەڵبژاردنی شێوازێكی ژیانی تایبەت، بەڵام لەكاتێكدا ئەنجامیدەدات كە لەگەڵ ئەوانی دیكەدا ئامادەیە و لەنێو كۆمەڵگادا پراكتیزی دەكات. كەواتە دەتوانرێت بگوترێت، شێوازی ژیان ئاماژەیە بۆ كۆمەڵێك هەڵسوكەوتی جیاواز لە كات و شوینێكی دیاریكراودا، لەوانەش پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان، بەكاربردن، خۆشگوزەرانی و جلوبەرگ. بەمپێیە ئەمە تێكەڵەیەكە لە نەریت و ڕۆتینیاتی ئەنجامدانی شتەكان و كارڕایی ئەقڵبر، كە دەتوانرێت لە ڕەفتاری تاكەكاندا سەرنجیان لێ بدرێت بەپێی: پیشە، ئاستی خوێندەواری،

تەمەن، رەگەز، چالاکییە خۆشگوزەرانەکان. هەروەها هەر گرووپێکی کۆمەڵایەتی یان گردبوونەوەیەکی کۆمەڵایەتی وێکچوو، شێوازێکی ژیانی جیاوازیان هەیە، کە لە ئەنجامی ،مومارەسەگەلێکی کۆمەڵایەتی، رۆتینی رۆژانە، سەلیقە، سەرمایەی کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتوورییەوە پەیدا دەبن.

بێگومان (پیر بۆردیۆ)(پیەر..) ناسراوترین کۆمەڵناسە، کە دەربارەی بەکاربردن و شێوازی ژیان نوسیبێتی. زۆرێك کتێبی (جیاوازی) ئەو بە ئینجیلی توێژەرانی ئەو بوارەی دادەنێن. کەم رێك دەکەوێت تێکستێك ببینینەوە لەوبوارەدا نووسرابێ و سوودی لە بۆچوونەکانی ئەو وەرنەگرتبێت. بەشێك لە هۆکاری ئەمەش رەنگە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە بۆردیۆ تاکە کەسە تیۆری پتەوی بۆ شرۆڤەکردنی دیاردەی بەکاربردن دارشتبێت (فاچلی،2003) .

بۆردیۆ کۆمەڵێك چەمکی بنچینەیی بەکاردەهێنێ کە تەنها لەرێگەی شیکردنەوەیان دەتوانرێن بۆچونێکی تەواومان لەسەر تیۆرەکەی دەستکەوێت لەخوێندنەوە بۆ کۆمەڵناسی بەکاربردن بۆردیۆ و شیکردنەوەی چەمکی شێوازی ژیان پێویستە حەوت چەمك شیبکرێنەوە واتا (کایە، سەرمایە، رێباز، کار، هێما، چین و سەلیقە). لای بۆردیۆ کۆمەڵگە وەك فەزایەکی کۆمەڵایەتی خۆی دەردەخات، ئەم فەزایەش شوێنێکە بۆ ململانێی توند و بێ کۆتا، لەرەوتی ئەو ململانێیەشدا کۆمەڵێك جیاوازی دەردەکەون کە کەرەستەو چوارچێوەیەکی پێویست بۆ بوونی کۆمەڵایەتی فەراهەمدەکات. ئەم فەزایە بونێکی پارچە پارچەی هەیە تیایدا مۆدێلی بچووك لە یاسا، رێسا و شێوازەکانی دەسەڵات بوونیان هەیە. ئەو مۆدێلە بچووك و جیاوازانە پێیانەو دەوترێت کایە (مەیدان) کایە جۆرێکە لە قەڵەمرەوی ژیانی کۆمەڵایەتی. هەندێك لە پێگەکان دەخولقێنێت و پارێزەری کردەکانی پەیوەست بەو پێگانەشە (اباژری و چاوشیان، 2002).

بۆردیۆ فەزای کۆمەڵایەتی دابەشدەکات بۆ چەند هێڵێك: سەرمایەی ئابووری، سەرمایەی کۆمەڵایەتی و سەرمایەی کلتوری و هێمایی. بە باوەڕی ئەو سەرمایەکان ئەگەری گۆڕانیان هەیە بۆ سەر شێوەی یەکتر. سەرمایەی ئابووری بۆی هەیە بەخێرایی بگۆڕێت بۆ سەرمایەی کۆمەڵایەتی و سەرمایەی کلتوری و هێماییش. سەرمایەی کۆمەڵایەتی دەکرێت بگۆڕێ بۆ سەرمایەی ئابووری، بەڵام توانای گۆڕانی بۆ سەرمایەی کلتوری کەمترە تا توانای گۆڕانی سەرمایەی کلتوری بۆ سەرمایەی کۆمەڵایەتی. لای بۆردیۆ ئەوەی مانا دەدات بە کایە" سەرمایەیە

قەبارە و بڕ و پێکهاتەی جۆرەکانی سەرمایەی هەر تاکێك، پێگەی وی لە پلەبەندی نێو کایەکەدا دیاری دەکات. بەواتایەکی دیکە، هەر کایەیەك لەڕێی جۆر و قەبارەی سەرمایەی هەبوو لەنێویدا دەناسرێتەوە. چەمکی پێکهاتەش بەهەمان شێوە لەڕێی کایە و سەرمایەوە پێناس دەکرێت. پێکهاتە گوزارشتە لەکۆمەڵێك پێگە کە بەسەرنجدان بە قەبارە و شێوەی سەرمایەکەی ناوی، شایانی بەراوردکردنن بەیەکتر. لەنێو هەموو جۆرەکانی سەرمایەدا، سەرمایەی کلتوری رۆڵێکی ئێجگار گرنگی لە هزری بۆردیۆدا هەیە. کۆمەڵناسی بەکاربردن و شیکارییەکەی دەربارەی شێوازی ژیان، لەسەر سەرمایەی کلتوری بنیادنراوە. سەرمایەی کلتوری هەموو (سەلیقە جوانەکان، شێوە و رێوڕەسمی پەسەندکراو، مەعریفەی بەیەکداچوو و توانای وەرگرتنی بەرهەمە کلتورییەکان، پرۆژەی هاوشێوەی هونەر، مۆسیقای کلاسیك، شانۆ و ئەدەبیاتەکان...) و هەموو باڵادەستییەکە بەسەر سستمە هێمایییەکاندا (فاچلی،2003، 38).

شێوە جیاوازەکانی سەرمایە لای بۆردیۆ، بە رەگەزی دروستکەری بنیادی کایەکانی دەزانێت. کایە، یەکێکە لەو چەمکانەی بۆردیۆ کە زۆرترین مشتومڕی لەسەرە و بوونێکی بنچینەیی شیکاری بۆردیۆ بۆ کردەکانی مرۆڤ لەخۆیدا هەڵدەگرێت. بە بڕوای بۆردیۆ، ئاکار، سستمێکە لەخواستە بەردەوام و گواستراوەکان، کە وەك کاری بەرهەمدار، بنیادنەر و بەشێوەی بەرجەستەبوو رۆڵ دەبینێت. لای بۆردیۆ ئاکار، بنیادنەر و هەماهەنگ بەخشی هەلومەرجی ناوەکی چینەکانە. کایە وەك رێسایەك دەردەکەوێت کەوا لە مرۆڤەکان دەکات کۆنترۆڵی رەفتارەکانی خۆیان بکەن. بۆردیۆ پێیوایە هەموو کایەکان خوازیارن کارەکتەرەکانی خۆیان بەگوێرەی یاسا کردارییەکانی نێو کایەکە بجولێنەوە. کایەکان لە کارەکتەرەکانی خۆیان داواکارن کە یاساکان بەشێوەیەکی کارامە لەنێو تۆڕی پەیوەندییەکان، کۆنترۆڵی یاسا نەنووسراوەکان، شێوەی کردە لەنێو کایەکە و گوتاری زەینی داوەرییەکان، کە زەمینەی تێگەیشتن لەبابەتەکان دەسازێنن، لەلایان رەنگبداتەوە. کایە نەخشەی تێگەیشتنی دنیای کۆمەڵایەتی و رێگەیەکی پێشوەختە دیاریکراوە، کە هەرکارێکی گونجاو لە هەر هەلومەرجێکدا نیشاندەدات(اباژری و چاوشیان، 2002) .

چەمکێك کە لای بۆردیۆ راستەوخۆ دەربارەی کایە خرابێتە روو، کارە. ئەو چەمکە سەرەتا وەك ئاماژەیەکە بۆ هەر جۆرە کردەیەکی مرۆڤ. کردە جۆرە بەنەریتبوونێکی رەفتارە، کە چەندین بەشی هەیە: شێوەی چالاکییە جەستەییەکان، شێوەی چالاکییە زەینییەکان، شتەکان و ئەرکەکانیان، مەعریفەی سەرەتایی لەچوارچێوەی مەعریفەدا، رێگە و حاڵەتی ئاگایی سۆزەکی. هەر کردارێك پشت بە کۆمەڵێك توخم دەبەستێت، کە بەسەریەکەوە وەك سندوقێکی پڕ لە کەرەستە وان. کردە، جۆرە رەفتارێکی بەنەریتبووە، کە لە کۆمەڵێك بەشی جیاجیا دروستبووە. کردە، کایەی بەپراکتیکبووە. جەختکردنەوە لەسەر چەمکی کار، زۆری

مەیلی بۆردیۆ بۆ خوێندنەوەی رەفتارەكان لەسەر بنچینەی ئەقڵی پراكتیكی نیشاندەدات. بەپێی ئەم یاسایە، مرۆڤەكان دەزانن چی دەكەن، بەڵام بەگشتی ناتوانن ئەو كردارەیان روون بكەنەوە (مهدویكنی، 2007).

هێما، یەكێكە لە نموونەكانی جیاوازی بۆردیۆ لە ماركس. ئەو لەجیاتی باسكردن لە هێما، دەربارەی (بابەتی هێمایی) دەدوێت. بابەتی هێمایی" شتێكی مادییە، بەڵام ئەو بەوەها تایبەتمەندییەك رازی نییە، بەڵكو ئەوەی پێی دەناسرێتەوە، بنچینەی كاركردنەكەیەتی. بەتێڕوانینی بۆردیۆ، بابەتی هێما لەتوانایدایە، مادیبوونی خۆی بشارێتەوە. سستمە هێماییەكان پەیوەندییەكی توندوتۆڵیان بە مەعریفە و دەسەڵاتی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی سستمی كۆمەڵایەتییەوە هەیە. رۆڵی بنچینەیی سستمە هێماییەكان لەنێو بنیادی دەسەڵات، ناساندنی بابەتە دروست و ڕێ پێدراوەكانە. ئەم تێگەیشتنە بۆ چەمكی هێما، باڵی كێشاوە بەسەر تەواوی بۆچوونەكانی بۆردیۆدا، ئەویش لە كتێبی جیاوازیدا روونكراوەتەوە. لای (بۆردیۆ) سەرمایەی هێمایی هەروەك سەرمایەكانی دیكە تەماشا دەكرێت، ئینجا لەبەر ئەوەی هەر یەك لە جۆرەكانی سەرمایە_كۆمەڵایەتی، ئابووری و كلتوری_ بە پلەی جیاواز، وەك سەرمایەی هێماییش بەرجەستە دەبن، ئەوە دەكرێت قسە لەسەر كاریگەرییە هێماییەكانی گشت جۆرەكانی سەرمایە بكرێت(Bourdieu,1984)

بۆردیۆ چین بە كۆمەڵێك كارەكتەر پێناس دەكات كە كەوتوونەتە پێگەی كۆمەڵایەتی وەك یەكەوە و كەوتنە نێو هەلومەرجێكی هاوبەش و رەنگە خواست و پەیوەندی وەك یەكیان هەبێت، لەبەر ئەوە رێی تێ دەچێت كردەی لێكچوو بنوێنن و هەڵوێستی هاوبەش وەربگرن. بنەمای دروستبوونی یەكێتی چین، ئاكاری هاوبەشیانە. كایەی چینایەتی، پەیوەندی ئاسۆیی و جیاوازی ستونی لە فەزای كۆمەڵایەتیدا دەخولقێنێت. هەر چینێكی كۆمەڵایەتی بەهۆی هەر چوار سەرمایەكەوە: ئابوری، كۆمەڵایەتی، كلتوری و هێماییەكەیەوە دەناسرێتەوە. لەراستیدا، بۆردیۆ لەسەر بنەمای شتێكی باڵاتر پەیوەندی چەمكی چین بە دووبارە بەرهەمهێنانەوە لەنێو فەزای ئابووریدا، خوێندنەوەی بۆ دەكات. ئەو هەمیشە چینی لەرێی پەیوەندیەكانیەوە بە پێگەكان و ئەو نەریتە هاوبەشەی، كە لە فەزای بەكاربردندا كارایە، پێناس دەكات و بەكاربردنیش بە جۆرێك لە ململانێ دەزانێت بۆ بەدەستهێنانی سەرمایە، كە لە فۆرمەلەكردنی چیندا رۆڵی هەیە .

هەروەها جەمكێكی دیكەی بۆردیۆ بریتییە لە (هابیتۆس) (Habitus.)بە لای بۆردیۆوە، واقیعی ژیانی كۆمەڵگە دوو ئاستی هەیە، یەكەمیان كایە كۆمەڵێیەتییەكانن، ئەمانە دەكەونە دەرەوەی تاكەكانەوە و بنیادی سەربەخۆی خۆیانیان هەیە. ئاستی دووەمیش بریتییە لە واقیعی كۆمەڵگە لە ژیانی تاكەكاندا، بەم پێیەش هابیتۆس لە یەك كاتدا بوونی واقیعی كۆمەڵگە و كایەكانە لە جەستەی تاكدا. لای بۆردیۆ هابیتۆس وەك ستمێك پێناسە دەكات، كە تاكەكان بەهۆیەوە لە جیهانی دەرەوە تێدەگەن و لەمیانەیەوە ئەو جیهانە هەڵدەسەنگێنن. بەڵێم لەهەمان كاتیشدا، هابیتۆس سستمێكیشە بۆ تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی پراكتیكی تاكەكان خۆیان. هابیتۆس بنیادێكی جەستەیی و بڕیار لەسەر دراوە، كە بوەتە بنچینەی ئەو رەفتار و بیركردنەوە و جۆری هەڵبژاردنانەی تاك لە ژیانی كردەییدا ئەنجامیان دەدات (Bourdieu,1998)

شێوازی ژیان ئاماژەیە بۆ كۆمەڵێك هەڵسوكەوتی جیاواز لە كات و شوینێكی دیاریكراودا، لەوانەش پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان، بەكاربردن، خۆشگوزەرانی و جلوبەرگ. بەمپێیە ئەمە تێكەڵەیەكە لە نەریت و رۆتینیاتی ئەنجامدانی شتەكان و كارڕایی ئەقڵبر، كە دەتوانرێت لە مومارەسەكردنی رەفتاری تاكەكاندا سەرنجیان لێ بدرێت وەك: پیشە، ئاستی خوێندەواری، تەمەن، رەگەز، چالاكییە خۆشگوزەرانەكان. هەروەها هەر گرووپێكی كۆمەڵایەتی یان گردبوونەوەیەكی كۆمەڵایەتی لێكچوو" شێوازێكی ژیانی جیاكراوەیان هەیە، كە لە ئەنجامی مومارەسەگەلێكی كۆمەڵایەتی، رۆتینی رۆژانە، سەلیقە، سەرمایەی كۆمەڵایەتی، ئابووری و كلتورییەوە پەیدا دەبن.(Bourdieu, 1984)

## 3. پێناسەی شێوازی ژیان

دەكرێت تەواوی پێناسەكان (دابەشی سەر دوو گرووپ بكرێن و لەلای هەر یەكێكیشیان بە دەردەنجاێك بگەین. گرووپی یەكەم" بریتیین لە كۆمەڵێك پێناسە كە شێوازی ژیان بە جۆرێك لە رەفتار هەژمار دەكەن و بەها، تێڕوانین و ئاراستە دەروونییەكانی تاكەكان دەخەنە دەرەوەی بازنەی ئەم چەمكەوە. ئەم ڕوانگەیە، بەواتای نەبونی پەیوەندی ئاراستە دەروونییەكان بە فۆرمەلەكردنی شێوازی ژیان نایەت، بەڵكو واتەی ئەوە دەگەیەنێت كە گرنگ نییە شێوازی ژیان چۆن فۆرمەلەبووە_چونكە بۆخۆی بابەتێكی جیاوازە لە سەرچاوەی فۆرمەلەبوونی شێوازی ژیان_و بۆ توێژەری بواری ناسینی شێوازی ژیان كە لەسەر بنەمای جیاكردنەوەی هەندێك لەرەفتارەكان (بەهەندێ تایبەتمەندی دانسقەوە) دروستبووە، گرنگە. روانگەی دووەم" بەها وتێڕوانینەكان بە بەشێك لە شێوازی ژیان دەزانێت. ڕوانگەی یەكەم لە كۆمەڵناسیدا و لە توێژینەوەكانی پەیوەست بە (بەتاڵی) برەوی هەبووە. هەرچی روانگەی دووەمە رووكارێكی دەروونناسانەی هەیە و لەنێو دەروونناسیدا و بەدیاریكراوی لە توێژینەوەكانی پەیوەست بە بازاڕكردندا دەركەوتووە.

هەموو ئەو گرووپانەی کە لەکۆتی چالاکییە نەریتییەکان ئازادبوون، بژاردەی جۆراوجۆریان بۆ دەستنیشانکردنی شێوازی ژیان لەبەردەستدایە. ئەوەش شتێکی سروشتییە کە جیاوازی شێوازی ژیان لە نێوان گرووپەکاندا، بەوجۆرەیە کە بۆردیۆ جەختی لەسەر کردووەتەوە .(Giddens 1991) بە باوەڕی هەندێك لە توێژەران، پێویستە بۆ ئەو پێناسەیەی سۆبیل، کە (شێوازی ژیان گوزارشتە لەهەر شێوەیەکی ژیان کە جیاواز و دەستنیشانکراو دەبێت) ئەو خاڵە زیادبکرێت کە ئەو شێوە ژیانە پێویستە لەنێوان ژمارەیەکی زۆری خەڵکدا هاوبەش بێت، ئەگەرنا جیاوازییەکی لەگەڵ سروشتی تاکەکەس یان ئارەزووە بەکاربردنیەکانی تاکەکەسدا نابێت (Mohammadpur and Mahmoodi,2016 .

## 4. چین و شێوازی ژیان

چینایەتی یەکێکە لەو بابەتانەی بەردەوام جێگەی مشتومڕی کۆمەڵناسان بووە (کلاسیك و نوێ)کان. ئەو توێژینەوانەی راستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ کار لەسەر بابەتی چینایەتی دەکەن، واپێویستدەکات سەرەتا بۆ نووسینەکانی (مارکس) بگەڕێنەوە سەبارەت بە چینی کۆمەڵایەتی.

چینی کۆمەڵایەتی چەقی هەموو تیۆرە کۆمەڵناسیەکەی (مارکس)ە. ئەو چینە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری مۆدێرنی خستووەتە ڕوو بەوەی خاوەن هێزی کار خاوەن سەرچاوەکانی بەرهەمهێنان و کرێکاران، دوو گرووپی گەورەن لە کۆمەڵگای مۆدێرن، کە خاوەن ستونێکی سەرمایەدارین (Crompton, 1996, p. 187).بەم پێیە (مارکس) شیکردنەوە بۆ کۆمەڵگا سەرمایەدارە نوێکان و شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریانە دەکات، ئەویش بە پێی خاوەنداریێتیان بۆ ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگای سەرمایەداری پیشەسازیدا لە یەکیان جیا دەکاتەوە، لای ئەو بۆرژوا خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانە و کۆنترۆڵی پرۆلیتاریای کردووە، لە بەرامبەردا لەسەر پرۆلیتاریا وا پێویست دەکات کاری خۆیان بە خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بفرۆشن تاوەکو بتوانن لە بەرامبەردا دەستحەقێك وەربگرن، دواجار بتوانن لە ژیاندا بمێننەوە. کەواتە ئەم چینە دەبێت ملکەچی بۆرژوا بێت . (Wacquant, 1991) .

چینی کۆمەڵایەتی لای (مارکس) کەرەستەیەکە بۆ شیکارکردنی دوو لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی، یەکەمیان وەك داینەمۆی مێژوو و ئەویتریان وەك بەخشەری شوناسی کۆمەڵایەتی بە تاکەکان و توخمە مەعنەوییەکانی کولتووری کۆمەڵگا. لە کۆمەڵناسی سەردەمدا، بایەخدان بە چەمکی چینی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە بۆ بایەخدان بە لایەنی دووەم، واتە رەهەندە کۆمەڵایەتییەکەی چین نەك رۆڵە مێژووییەکەی (چاوشیان، 2002). بەمپێیە سەبارەت بە (مارکس) چینی کۆمەڵایەتی کۆمەڵە خەڵکێکن پەیوەندییەکی هاوبەشیان لەگەڵ ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا هەیە.

ئاشکرایە ئێستا رۆڵی پێگە چینایەتیەکان لە دروستکردنی شوناسی تاکەکاندا کەمبووەتەوە، بۆ نموونە بەشداری تاکەکانی نێو چین لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەوەمان نیشاندەدات کردەی تاکەکان و خواست و پەیوەندییەکانیان لە ژیاندا جیاواز لە رابردوو لەسەر بنەمای بژاردەی خۆیانەو، تاکەکان بە تەواوەتی لەژێر کاریگەریی پێگەی چینایەتی و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان، کردە نانوێنن .(Arslan, 2011)

لەبەرامبەردا (ڤێبەر) بایەخی بەو کێشانەی کۆمەڵگای سەرمایەداری داوە لە نێویشیاندا بنچینەی دروستبوونی سەرمایەداری و رۆڵی ئایدۆلۆژیا و پەیوەندی نێوان بنیادی کۆمەڵایەتی و پرۆسە ئابوورییەکان. زۆربەی جار (ڤێبەر) سوودی لە کارەکانی (مارکس) وەرگرتووە، بەڵام بە ئەنجامی جیاواز گەیشتووە هەروەها لە روونکردنەوەی چەمکەکان و لایەنە خودییەکانی دابەشبوونی چینایەتیدا دیسان ئەنجامی جیاوازتری دەستکەوتووە.(Galobardes el al, 2003)

(ڤێبەر) وەك (مارکس) جەختی کردوەتەوە لەسەر جیاوازی نێوان ئەوانەی خاوەن سەرمایەن و ئەوانەشی کە خاوەن هیچ شتێك نین. مشتومڕی (ڤێبەر) سەبارەت بە چینە کۆمەڵایەتییەکان پشت دەبەستێت بە بابەتیبوونی مەرجە ئابوورییە دیاریکراوەکان – خاوەندارێتی بۆ موڵکوماڵ، هەبوونی سەرمایەی ئابووری– و پێیوایە چینی کۆمەڵایەتی لە چینی کارکەر بە گشتی، وورده بۆرژواکان و رۆشنبیر و تەکنیککارەکان و فەرمانبەرە خاوەن یەخە سپیە جیاوازەکان و ئەو چینە جیاوازانەی لە میانەی سەرمایەو خوێندنەوە جیادەکرێنەوە، پێکدێت) .(Arslan, 2011) ڤێبەر لەژێر سستمی سەرمایەداریدا مشتومڕی چینی کۆمەڵایەتی دەکات، بە پشتبەستن بەوەی تا چەندە خاوەنی سەرمایەن یان نا، دواجار ئەم گوزارشت دەکات لەسەر گوزەرکردن بەرەو چینە بەرزەکان لە میانەی بەهرەمەندی وەرگیرا و و پێشکەوتن و ئاستی خوێندنەوە. ئەو جەخت لەسەر پەیوەندی ئاڵوگۆڕکراوی نێوان چین و پێگە دەکات و جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان ئابووری و کۆمەڵگا دەکاتەوە. (مهدیکنی، 2007)

میتۆدی (ڤێبەر) وا سەرنج لە چینی کۆمەڵایەتی دەدات لە رەهەندە جۆراوجۆرەکانی وەك: جیاوازی کۆمەڵایەتی، خاوەندارێتی، پیشە، داهات، بەکاربردن، شێوازی ژیان. بەتایبەت ئەم جەخت کردنەوانەی (ڤێبەر) لەسەر شێوازی ژیان و شێوازی بەکاربردن، کاریگەرییان هەبووە لەسەر تیۆرە کۆمەڵایەتییە نوێکان، کە

ئاراستەیەکی نوێی هێناوەتە گۆڕێ، ئەویش لە میانەی ئەزموونە کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسیەکانەوە (انغلیز و هیوسون، 2013).

دوای میراتە هزریەکەی هەریەك لە (مارکس و ڤێبەر)، لە ئەنجامی گۆڕانکاری و وەچەرخان لە کارو پیشە لە کۆمەڵگا نوێکاندا، ئەوا بابەتی چینایەتی گۆڕانی بەسەردا هاتووە. دابەشکردنێکی کۆمەڵایەتییانەی نوێ بۆ کار هاتووەتە ئاراوە لە ئەنجامی ئەوە، گرووپی کۆمەڵایەتی نوێ دەرکەوتوون. ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییە نوێیانە کار دەکەن لە چوارچێوەی پلەی وەزیفی کارگێڕی و جێبەجێ کار، لە سەرمایەداران و چینی کرێکاران، جیاوازن لە گرووپەکانی دیکە.

ئەمڕۆ، چین وەك چەمکێکی نزیککراوە بەکارهاتووە لە نێو تیۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەوپێیەی (چینایەتی) لە پەیوەندیدا بە بازاڕ و پێگەی کۆمەڵایەتی و شکۆ و شێوازی ژیان و هەلی ژیان بەکاردێت بۆ تێگەیشتن وشرۆڤەکردنی ئەو گۆڕانانەی، کە لە ڕووی کۆمەڵایەتی ئابووری و سیاسی و کولتوورییەوە لە کۆمەڵگادا ڕوویانداوە .(Arslan, 2011)ئێستاش خاوەن ئامرازەکانی بەرهەمهێنان هەلپەرستی لە خاوەندارێتی کاڵاکان و بەکاربردن و شێوازی ژیاندا دەکەن و لە ژێر سێبەری سەرمایەداری نوێدان، هەروەها ئەمڕۆ لە چوارچێوەی چیندا شیکردنەوە بۆ بەرفراوانبوونی پیشەکانی دیکە کراوە، کە دەستی نین، شیکردنەوە بۆ شێوازەکانی بەکاربردن و شێوازەکانی ژیان کە هاوشێوە نین، دەکرێت .(Crompton, 1996) لە هەلومەرجی نوێدا، کە هەندێك ناویان ناوە پۆست مۆدێرنە، تایبەتمەندیە بابەتییەکانی چینەکان بەهەمان شێوەی رابردوو ماونەتەوە، بەڵام تایبەتمەندییە خودی و دەرونییەکانی چینە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی گشتی گۆڕاون (انغلیز و هیوسون، 2013) .

لەبەرامبەردا، میتۆدی (بۆردیۆ) بۆ چینایەتی بە جۆرێکە هەوڵدەدات پەیوەندییەك لە نێوان کولتوور و شێوەی ژیان لەلایەك و چینی کۆمەڵایەتیش لەلایەکی دیکەوە، بدۆزێتەوە. لە هەمانکاتدا، ئەو بەرامبەر پێویستیە هەنووکەییەکان بۆ شیکارکردنی چینە کۆمەڵایەتییەکان توانیویەتی بە پێشەنگ بمێنێتەوە ,Savage) el at.,2013).بیرکردنەوەی (بۆردیۆ) دەربارەی چینی کۆمەڵایەتی– ئەگەر وەك تیۆر لێی بڕوانین– زۆربەی کات شێوەیەکی هێمایی هەیە. تەواو ڕوونە ئەو لە ووتارێکیدا دەربارەی چین ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە بەوکارەی دەیەوێت خۆی لە داوی شیکاری مارکسیانە ئازاد بکات .(Bourdieu, 1986) بۆ نموونە (مارکس) پێیوایە کە چینی باڵای کۆمەڵگا یەکگرتوو و وێکچوون، بەڵام ئەم پێیوایە لە نێو خودی ئەو چینە و لە یەك کاتدا هاوکاری و ململانێ بوونی هەیە. هەروەها لەچوارچێوەی یەك چینیشدا دابەشکری وورد هەیە و دابەشدەبێت بۆ گرووپی کۆمەڵایەتی دیکە. (بۆردیۆ) چینی کۆمەڵایەتی بە کۆمەڵێك کارەکتەر پێناسە دەکات، کە کەوتوونەتە پێگەی کۆمەڵایەتی وەك یەکەوە و دەکەونە نێو هەلومەرجێکی هاوبەش و رەنگە خواست و پەیوەندی وەك یەکیان هەبێت، لەبەر ئەوە ڕێی تێ دەچێت کردەی لێکچوو بنوێنن و هەڵوێستی هاوبەش وەربگرن. بنەمای دروستبوونی یەکێتی چین، ئاکاری هاوبەشیانە. پەیوەندی ئاسۆیی –بە شێوەیەکی ڕێژەیی– و جیاوازی ستونی لە فەزای کۆمەڵایەتیدا دەخولقێنێت. هەر چینێکی کۆمەڵایەتی بەهۆی هەر چوار سەرمایەکەوە دەناسرێتەوە (Bourdieu, 1986)، بە جۆرێك ئەو (سەرمایە)ی بە پێوەرێك بۆ (چین) داناوە. بە باوەڕی ئەو، هێزو باڵادەستی لە بەرامبەر ئەوانی دیکەدا بە تەنیا لە خاوەندارێتی سەرچاوە ماددییەکانەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو خاوەندارێتی سەرچاوە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانیش مەرجێکن بۆ هاتنە دییان. هاوکات لەڕێی بەکارهێنانی چەمکی سەرمایەی هێماییەوە، لەگەڵ گرنگی بۆ شیکارکردنی هێماکان، ئەوا دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیشی پێ دەخوێنێتەوە. بە پێی بۆچوونی ئەو بەهای هەریەکێك لە شێوەکانی سەرمایە تاڕادەیەك بە مەعریفەی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەستە (فاچلی، 2003) .

سەرمایە گرنگە، چونکە ئێمە بەشێوەی دەستە جەمعی و هەندێ کاتیش بە پێچەوانەی خواستی خۆمانەوە بەهای پێ دەدەین، هەر ئەمەش وادەکات هەلومەرجێك بێتەکایەوە، کە سەرمایەکەمان بەهای دوو بەرامبەر پەیدابکات. بۆ نمونە، بوونی پارەی زیاد بەهادارە، چونکە هەم هێزی کڕینی ئێمە زیاد دەکات، هەمیش پێگەیەکی باڵاترمان پێ دەبەخشێت، دەشێ بەهۆیەوە ئاستی سەرمایەکانی دیکەش بەرز ببنەوە .

(بۆردیۆ) لە ئەنجامی رستێك توێژینەوە لەبارەی سەلیقە و باشترین کولتوور [1] بەو ئەنجامە گەیشت کە ڕۆڵی کولتوور لە کۆمەڵگا نوێکان پشت دەبەستێت بە سەلیقەی هەر چینێك، ئەم حاڵەتە جۆرێك لە جیاوازی چینایەتی لەنێوان گرووپە مرۆییەکاندا دروست دەکات. وەك (بروکس) (Brooks) Arslan, 2011 ) ئاماژەی پێکردوون، زۆرێك لەو چالاکییانەی کە دەکرێت بەهۆیانەوە چینە کۆمەڵایەتییەکان لێك جیا بکرێنەوە، شێوازی ژیانی ڕۆژانەی گرووپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان دەخەنەڕوو، چالاکییەکانی وەك: ئەندامبوون لە سەندیکا یان ڕێکخراوێك، نەریتەکانی خۆشگوزەرانی و چالاکییە کولتوورییەکان (خوێندنەوەی کتێب و ڕۆژنامەو گۆڤارەکان) تەماشاکردنی بەرنامەی دیاریکراوی تەلەفزیۆنی، چوونە سینەما، ئاهەنگ و کۆنسێرت و کۆڕی شیعری یان شانۆگەری، پێشانگا، بازاڕکردن، نان خواردن لە دەرەوە، هیوایەتەکان، بەسەربردنی کاتەکانی پشوو و گەشتکردن، ئەمانە

هەموويان رێگە گەلێکن، کە بەهۆیانەوە دەکرێت شێوازی ژیانی چینەکان دەستنیشان بکرێن و بەهۆیەوە لەیەك جیابکرێنەوە.

هەروەها کارلێك و پەیوەندی لەچوارچێوەی هەمان چیندا فاکتەرێکی رێکخراوە کە بەنزیکەیی هەمان شێوازی ژیان دێنێتە ئاراوە، ئەویش لە میانەی دەستکەوتنی هەمان بڕی داهات. هەر ئەمەش وا دەکات–تاك– خۆی لەوانی دیکە جیابکاتەوە، کە ژیانێکی جیاوازیان هەیە .(Arslan, 2011) لەبەر ئەوەی لەگەڵ ویکچووەکانی خۆیدا زیاتر ئاسوودە دەبێت و دەزانێت –وەك چۆن (بۆردیۆ) دەریدەبڕێت– گەمە کۆمەڵایەتییەکان باشتر ئەنجام بدات. بۆ نموونە: دەوڵەمەند و هەژارەکان، خوێندەوارو نەخوێندراوەکان یان لەنێو خودی دەوڵەمەندەکان شێوازێکی ژیانی دیاریکراویان هەیە و ئاسوودەن لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ ئەو خەڵکەی وەك خۆیانن. لە کاتێکدا (بەشێوەیەکی رێژەیی) ئەوان ئاسوودە نابن لەگەڵ ئەوانەی شێوازێکی ژیانی جیاوازیان هەیە لەگەڵیان. سەرەرای ئەوەش، جیاوازییەکان هێندە ووردن تا دەگاتە شێوازی جیاواز لە شمەك پۆشین، چۆنیەتی و ئەتەکێتی نان خواردن و شێوازی دانیشتن و چالاکییەکانی دیکە، تەنانەت شێوازی قسەکردن و زمانی ئاخافتنیشیان جیاوازە وەك چۆن(انغليز و هيوسون، 2013) روونیان کردوەتەوە کە (شێوازەکانی ئاخافتن پشت بە چینایەتی دەبەستێت بۆ نموونە: چۆنیەتی ئاخافتنی چینی باڵا بەهایەکی زۆر زیاتری هەیە لە شێوازی ئاخافتنی چینی ناوەند و چینی خواروو لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان. بەشێوەیەکی دیکە دەتوانرێت بگوترێت، چینی کۆمەڵایەتی بە پێی ئەو پەیوەندییەی وا هەیەتی لەگەڵ بەرهەمهێنان و بەکاربردنی کاڵاکانەوە، شێوازێکی ژیانی تایبەتی دەبێت. کەواتە هەر چینێکی کۆمەڵایەتی شێوازێکی ژیانی تایبەتی هەیە و بەهۆیەوە دەیەوێت خۆی لەوانی دیکە جیابکاتەوە .

لای (بۆردیۆ) ژیانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا وا سەرنجی لێدەدرێت، کە مەیدانێکی فرە رەهەندە و گرووپ و بکەرە جیاوازەکان لەلایەك پەرچەکرداریان دەبێت لەسەر پێگەی کۆمەڵایەتی، لە لایەکی تریشەوە لەسەر شێوازی ژیان (Swartz, 2012)، کە بێگومان هەریەکەیان هاوشانی یەکترن و تێکچرژاون. ئەو پۆلێنبەندیەك بۆ چینە جیاوازەکان دەکات کە کێبەرکێی یەکتر دەکەن بۆ دەستکەوتنی دەسەڵات –سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان ئابووری–لە ئەنجامدا سێ چینی سەرەکی دەستنیشان دەکات، کە هەریەکەیان ئاستێکی جیاواز لە سەرمایەی ئابووری و کۆمەڵایەتی کولتووریان هەیە، ئەوانیش بەمشێوەیەی لای خوارەوەن:(2)

1 _چینی ناوەندی باڵا: ئەم چینە دوو کۆمەڵە چینی لاوەکی لەخۆدەگرێت:

-بۆرژوای ئابووری: ئاستێکی مامناوەندی سەرمایەی کولتووری هەیە لەگەڵ ئاستێکی بەرزی سەرمایەی ئابووری.

-بۆرژوای کولتووری: ئاستێکی مامناوەندی سەرمایەی ئابووری– بەبەراورد بە بۆرژوای ئابووری– و ئاستێکی بەرزی سەرمایەی کولتووری.

2_چینی ناوەندی خواروو (وورده بۆرژوا): ئاستی سەرمایەی کولتووری مامناوەند و تا ئاستی کەموکورت، لەگەڵ سەرمایەیەکی ئابووری مامناوند تا ئاستی کەمووکورت.( انغليز و هيوسون، 2013)

3 _چینی کرێکاران: سەرمایەی کولتووری کەموکورت و سەرمایەی ئابووری کەموکورت.

لەراستیدا (بۆردیۆ) لەسەر بنەمای شتێکی باڵاتر خوێندنەوە بۆ پەیوەندی چەمکی چین بە دووبارە بەرهەمهێنانەوە لەنێو فەزای ئابووریدا دەکات. ئەو هەمیشە چینی لەرێی پەیوەندییەکانی بە پێگەکان و ئەو نەریتە هاوبەشەی کە لە فەزای بەکاربردندا کارایە، پێناسە دەکات. هەروەها بۆ (جیاوازی چینایەتی) تەنیا رەهەندی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان وەرناگرێت، بەڵکو لای ئەو پەیوەندییەکانی بەکاربردنیش یەکێکە لە رەهەندەکانی ئەو جیاوازیە.

چەمکی چینی کۆمەڵایەتی چەقی هەموو تیۆرە کۆمەڵناسیەکەی مارکسە. چینی کۆمەڵایەتی بەلای مارکسەوە کەرەستەیەکە بۆ شیکارکردنی دوو لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی" یەکەمیان وەك داینەمۆی مێژوو و ئەویتریان وەك بەخشەری شوناسی کۆمەڵایەتی بە تاکەکان و توخمە مەعنەوییەکانی کلتوری کۆمەڵگە. ئێستا کۆمەڵناسی، بایەخدان بە چەمکی چینی کۆمەڵەیەتی دەگەڕێتەوە بۆ بایەخدان بە لایەنی دووەم، واتە رەهەندە کۆمەڵایەتییەکەی چین نەك رۆڵە مێژووییەکەی (ژکایی، 2005) ).

پوختەی ناوەرۆکی چەمکی چینی کۆمەڵایەتی لای مارکس، دەکرێ لەم چەند خاڵەی لای خوارەوە کورت بکرێنەوە:

1_شێوەی ژیان، تێڕوانینەکان، رەفتار و پاڵنەرەکانی تاك و هەلومەرجی ماددی، ژیانی _تاك_دیاریدەکەن .

2_هەلومەرجی ماددی ژیانی تاك_ئەو ئەزموونانەی کە ئەگەری دەستپێڕاگەیشتنیان هەیە_پەیوەستە بە شوێنگە و پێگەی ئەو تاکە لە نێو سستمی بەرهەمهێناندا.

3_پێگە هاوشێوەکان لەنێو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا، پایەی سەرەکی چینبەندی کۆمەڵایەتی و فۆرمەلەبوونی شوناسی کۆمەڵایەتییە.

4_هەلومەرجی ئابووری لێکچوو، مەرجی پێویست و سەرەکییە بۆ دروستبوونی چین.

5_بنچینەی دروستبوونی چین" شوناسی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو تەنها لەحاڵەتی گەیشتنی بە هوشیاری چینایەتی و ڕێکخراوی سیاسی و ململانێ لەگەڵ چینەکانی دیکەدا، دەبێت بە شوناسی کۆمەڵایەتی و دەگۆڕێت بۆ (چین بۆخۆی). مارکس زۆر بە وردی باس لەمسۆگەرێتی ئەم پرۆسەیە ناکات، بەڵام مارکسیستەکان جیاوازی بۆچونیان لەبارەیەوە هەیە، کە مارکسیزمی سۆڤیەتی جاران ئەوەی بەراست دادەنا، بەڵام مارکسیزمی ئەورووپی بەپێچەوانەوە. (اباژری و چاوشیان، 2002) مارکس دوو بۆچوونی جیاوازی بۆ چەمکی چین خستەروو، یەکەمیان وەك گۆراوێکی سەربەخۆی کۆمەڵناسی بۆ توێژینەوە لە ڕەفتارەکان، پێگەکان و کلتور و دووەمیان وەك داینەمۆی مێژوو و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان. ئەگەر ئەو پێنج خاڵەی کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا، وەك شێوەیەکی گشتی بۆ چوارچێوەی تیۆری چینە کۆمەڵایەتییەکانی مارکس تەماشابکرێت، ئەو کاتە تەنها خاڵی پێنجەم" چینی وەك هۆکاری مێژوویی و سیاسی ناساندووە. زۆرترین ڕەخنە کە لە مارکس گیراوە، سەبارەت بە پێشبینییەکانی ئەوەوەیە" بەڵام ئەو ڕەهەندە لە تیۆری چینایەتی ئەودا، هیچ لەبایەخی شیکاری و دۆزینەوەکانی ئەو کەمناکەنەوە. ئەو خاڵانەی سەرەوەش وەك چوارچێوەیەکی مەرجەعی بۆ توێژینەوە ئەزموونگەریەکان دەربارەی پێگە چینایەتیەکان و تیڕوانین و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان هەمیشە دەکرێت پرسیار و گریمانەی گرنگ بەدوای خۆیاندا بهێنن. ئەم بابەتەش پێویستی بە توێژینەوەی ئەزموونگەرایی بەرفراوان هەیە دەربارەی چینی کۆمەڵایەتی، لەوانەش: بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، بنیادی چینایەتی، سەرهەڵدانی چینی ناوەندی نوێ، پێکهاتەی کار و پەیوەندیەکانی لەگەڵ چینەکان، شیکاری ڕەفتارەکان، بۆچوونە سیاسییەکان، کۆمەڵایەتی و کلتوری لەگەڵ پێگەی چینایەتی. توێژینەوەگەلێکی دەروونناسی کۆمەڵایەتی دەربارەی چینەکان"بابەت و دەروازەی گرنگن، کە لە تیۆری چینە کۆمەڵایەتییەکانی مارکسەوە(بەبێ ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم) سەرچاوەیان گرتووە. بایەخ و مانای هەریەکێك لەو توێژینەوانە، پەیوەستە بەو گریمانەیەوە، کە پێگەی چینایەتی، بناغەی فۆرمەلەبوونی شوناسی کۆمەڵایەتی تاکەکانە. بەبێ ئەو گریمانە بنیادیە، تیۆریزەکردن و توێژینەوەی ئەزمونگەرایی دەربارەی چینی کۆمەڵایەتی، لایەنی ئەقڵانی لەدەست دەدات. بۆیە کارێکی سروشتیە کە بە گومان و دڕدۆنگییەوە بۆ بایەخ و قورسایی ئەو توێژینەوانەی کە بەبێ ئەم گریمانەیە لەنێو کۆمەڵناسیدا دەربارەی چینەکان کراون، بڕوانین .

ئاشکرایە، کە پڕۆسەیەك سەررێکەوتووە بەئاراستەی کەمکردنەوەی ڕۆڵی پێگە چینایەتییەکان لە دروستکردنی شوناسی تاکەکان بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێکان، نموونەیەکن لەو پرۆسەیە. بەشداری تاکەکانی نێو چین لەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیانە ئەوەمان نیشاندەدات، کردەی تاکەکان و خواست و پەیوەندیەکانیان لە ژیاندا جیاواز لە رابردوو لەسەر بنەمای بژاردەی خۆیانەو تاکەکان بەتەواوەتی لەژێر کاریگەری پێگەی چینایەتی و بەرژەوەندییە ئابووریەکانیان کردە نانوێنن. لە سستمی کۆمەڵایەتی نوێدا چینەکان لەنێو ناچن و پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەرەستەکانی بەرهەمهێناندا لەنێو سستمی سەرمایەداری و پەیوەندیەکانی لەگەڵ داهات، هەروەك جاران ڕۆڵێکی بنچینەیی لە دروستکردنی ڕەفتاردا هەیە. چینە کۆمەڵایەتیەکان کەمتر لەرابردوو بنەمای دروستبوونی شوناسی کۆمەڵایەتین. بەواتایەکی دیکە، لە هەلومەرجی نوێدا کە هەندێك ناویان ناوە پۆست مۆدێرنە، تایبەتمەندییە بابەتییەکانی چینەکان بەهەمان شێوەی رابردوو ماونەتەوە، بەڵام تایبەتمەندییە دەرونییەکانی چینە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی گشتی گۆڕاون. بۆ ناسینی تاکەکان، ئارەزووەکانیان، داواکارییەکانیان و چۆنیەتی ڕەفتارکردنیان و چۆنیش مەسرەفدەکەن، بایەخیان لە پێگە زیاترە. ئارەزوو و شێوازی بەکاربردن لەپێش هەموو شتێکدا شوناسی تاکەکان دیاریدەکەن. بۆیە چەمکی شێوازی ژیان دەروازەیەکی تازەمان بۆ توێژینەوە لەبەردەمدا دەکاتەوە کە بەئەندازەی چەمکی چین بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان بایەخی تیۆری هەیە (فاچلی،2003، 70 وەرچەرخانی سەرنجی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان لە چالاکییەکانی بەرهەمهێنانەوە بۆ چالاکییەکانی بەکاربردن، بەواتای لەجێدانانی گریمانەیەکی بنیادی پەیوەست بە بنەمای جیاوازییە کۆمەڵایەتی و شوناسی کۆمەڵایەتی دێت .

ئەو گۆڕانی ئاراستەیە دەکرێت لە سێ بواردا ببینینەوە" یەکەمیان گۆڕانی پەیوەندییەکانی کار و دەستبەتاڵی، دووەمیان دروستبوونی چینی ناوەند و سێیەمیان گەشە و پەرەسەندنی کلتوری بەکاربردن. شێوازەکانی ژیان بە گشتی بە بناغەی بنیادی کۆمەڵایەتی بەکاربردن دادەنرێن و لە بری بنیادی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنان کە لەشێوە کلاسیکیەکەیدا بنچینەی پێکهاتەی چینایەتییە، جەخت لەسەر سستمی پەیوەست بە پەیوەندییەکانی بەکاربردنی دەکرێتەوە. بەکاربردن، بە بەراورد بە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی هەڵقوڵاو لە بەرهەمهێنانەوە، پانتاییەکی فراوانتر لەخۆ دەگرێت، چونکە بەکاربردن ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە تەنانەت کارێك ناکەن، وەك لاوان، بەساڵاچووان و بێکاران و بەتایبەت ژنان کە لەئابووری مۆدێرندا، بەجۆرێك لەجۆرەکان چاوەڕوانیان لێ ناکرێت کە بەرهەمهێنەری ئابووری بن. ئەم بیرۆکەیە، کە بەکاربردن دەکاتە چەقی سەرەکی ژیانی کۆمەڵایەتی هەروەها بووەتە بەهای کلتوری (یان دەبێتە بەهای کلتوری)،

بنچینەی چەمکە گشتییەکەی کلتوری بەکاربردنە (ژکایی ،2005) .

## 5. ئەنجام

-چەمکی شێوازی ژیان، نەك وەك بوارێك بۆ توێژینەوە لە چەمکی چینی کۆمەڵایەتی بەڵکو وەك چەمکێکی سەربەخۆ کە ئاماژەیە بۆ ڕوانینێکی نوێ بۆ واقیعی کۆمەڵایەتی و دیاردەکانی دیکەی کۆمەڵگا وەك (چینی کۆمەڵایەتی، پێگە، شوناس و بەخشینی ناسنامەی کۆمەڵایەتی بە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان) هاتووەتە نێو زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

-ئەم چەمکە پانتاییەکی فراوانی لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان داگیرکردووە و سوودی لە بەکاربردن وەرگرتوە بۆ خۆ جیاکردنەوەی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و دەستخستنی شوناسی کۆمەڵایەتی . .

-هەروەها ئەم چەمکە توێژەرانی ناچارکردووە زیاتر لە رابردوو بایەخ بە کوولتوور بدەن و هەڵوەستەی زیاتری لەسەر بکەن .

-تێگەیشتنی نوێ و توێژینەوە لەبارەی شێوازی ژیانەوە وایکردوە تێگەیشتن بۆ چین و پێگەی کۆمەڵایەتی گۆرانی بەسەردا بێت.

-چەمکی شێوازی ژیان بەبەراورد بە رابردوو، زانستە کۆمەڵایەتییەکانی بە دەرهاویشتەکانی خۆیەوە زۆر سەرقاڵکردوە. ببوە بە بابەتێك کە جگە لە کۆمەڵناسی زانستەکانی وەك ئەنترۆپۆلۆجیا و دەروونناسیش گرنگی پێ بدەن.

-شرۆڤەی نوێ بۆ شێوازی ژیان، خوێندنەوەیەکی واقیعییانە ترە بۆ ژیانی مرۆڤ. روانگەی (کورتخوازی) پێشوو، پۆلێنکردنی تاکەکانی خستبووە ژێر گوتاری وەك: رەگەز، نەژاد، نەتەوە و پێگە و چین. ئەم روانگەیە پێیوابووە کە لە وێستگە مێژووییەکاندا و زەمینە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکاندا، شێوە و پێکهاتەی لەم جۆرانەی سەرەوە فۆرمۆلە دەبن و کاریگەری ئاڵۆزکاوتر دەخولقێنن. جیا لەمەش، ئەم پێکهاتانەی سەرەوە لە ژیانی رۆژانەدا شێوە رەفتاری تایبەت لەخۆیاندا نیشان دەدەن، ئەمەش دەبێتە هۆکارێك کە نەتوانرێت هەندێك لە دیاردەکان بە تەواوی و لەسەر تایبەتمەندی تاکایەتی تاك و گروپەکان، خوێندنەوەیان بۆ بکرێت .

-ئەوەی وایکردووە چەمکی شێوازی ژیان لە مۆدێلە تیۆریە نوێکانی کۆمەڵناسیدا جێگەی خۆی بکاتەوە، گۆڕانکارییە بنیادییەکانی وەك بەبرەوبوونی (بەکاربردنگەرایی) و بایەخی سەربەخۆ کارکردنی تاك و ئازادی تاکەکانە لە بژاردەکانیان .

-شێوازی ژیان بەهۆکاری پرۆسەکانی وەك (تاکگەراییبوون)ەوە، ئازادی و مافی هەڵبژاردنی زیاتری لە هەلومەرجی گۆراوی جیهاندا، بۆ تاکەکان فەراهەم دەکات.

-توێژەرانی کۆمەڵایەتی لەم سەردەمەدا، (بنەمای شوناسی تاکیان لە بری چالاکییەکانی بەرهەمهێنانەو بەستووەتەوە بە چالاکییەکانی بەکاربردنەوە، لەبەر ئەوە ئەوەی تا ئێستا گوتراوە، دەکرێ بەو ئەنجامەمان بگەیەنێت کە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا چەمکی شێوازی ژیان جێگرەوەی چەمکی چین نییە، بەڵکو هاوشانی ئەو چەمکەیە بۆ خوێندنەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا .

## 6. لیستی سەرچاوەکان


اباژری، یوسف و چاوشیان، حسن(2002)، از گبقه اجتماعی تا سبك زندگی: رویکردهای نوین در تحلیل جامعەشناختی هویت اجتماعی، فصلنامه علوم اجتماعی، سال پنجم، شماره (20)، ص 3–27.

ژکایی، محمّد سعید(2002)، خردە فرهنگ، سبك زندگی و هویت، مجموعە رشد ئێموزش علوم اجتماعی ، شمارە ، 21، 20–40

فاچلی، محمد(2003)، مصرف و سبك زندگی ، قم: صبح صادق، چاپ اوّل

مهدویکنی، محمّد سعید(2007)، مفهوم سبك زندگی و گسترە ئێن در علوم اجتماعی، تحقیقات فرهنگی، سال اوّل، شمارە 1.، 30–50

گرنفل، مایكل (1388)، مفاهیم کلیدی پییێر بوۆردیو، ترجمه، محمد مهدی لبیبی، تهران: شرکت نشر نقد افکار.

انغلیز، دیفد و هیوسون، جون (2013)مدخل الی سوسیولوجیا الپقافه، ترجمه: لما نصیر، بیروت: المرکز العربی للابحاپ و دراسات السیاسات.

Arslan, Z.E.R.R.İ.N., 2011. Urban Middle Class, Lifestyle and Taste in Keçiören and Çankaya, Ankara: Distinction through Home Furniture and, Furnishing and Decoration. Basılmamış doktora tezi). Orta Doğu Teknik Üniversitesi/Sosyal Bilimler Enstitüsü, Ankara.

Bourdieu, P. (1984). Distinction: A social critique of the judgement of taste. Harvard university press.

Bourdieu, P. (1998). Practical reason: On the theory of action. Stanford University Press.

Crompton, R., 1996. Consumption and class analysis. The Sociological Review, 44(S1), pp.113-132.

Galobardes, B., Costanza, M.C., Bernstein, M.S., Delhumeau, C. and Morabia, A., 2003. Trends in risk factors for lifestyle-related diseases by socioeconomic position in Geneva, Switzerland, 1993–2000: health inequalities persist. American journal of public health, 93(8), pp.1302-1309.

Gibbins, J.R. and Reimer, B., 1999. The politics of postmodernity: An introduction to contemporary politics and culture. Sage.

Giddens, A. (1991). Modernity and self-identity: Self and society in the late modern age. Stanford university press.

Giddens, A., 1991. Modernity and self-identity: Self and society in the late modern age. Stanford university press.

Holt, D.B. and Searls, K., 1994. The impact of modernity on consumption: Simmel's Philosophy of Money. ACR North American Advances

Jensen, M., 2009. Lifestyle: suggesting mechanisms and a definition from a cognitive science

perspective. Environment, development and sustainability, 11(1), pp.215-228.

Mohammadpur, A. and Mahmoodi, K. (2016). Lifestyle and identity in contemporary Iranian Kurdistan (a grounded study of Marivan City). Quality & Quantity, 50(5), pp.1907-1928.

Pisman, A., Allaert, G. and Lombaerde, P., 2011. Urban and suburban lifestyles and residential preferences in a highly urbanized society. Experiences from a case study in Ghent (Flanders, Belgium). Belgeo. Revue belge de géographie, (1-2), pp.89-104.

Rössel, J., 2007. Conditions for the explanatory power of life styles. European Sociological Review, 24(2), pp.231-241.

Savage, M., Devine, F., Cunningham, N., Taylor, M., Li, Y., Hjellbrekke, J., Le Roux, B., Friedman, S. and Miles, A., 2013. A new model of social class? Findings from the BBCs Great British Class Survey experiment. Sociology, 47(2), pp.219-250.

Simmel, G., 1957. Fashion. American journal of sociology, 62(6), pp.541-558.

Simmel, G., 2012. The metropolis and mental life. In The urban sociology reader (pp. 37-45). Routledge.

Swartz, D., 2012. Culture and power: The sociology of Pierre Bourdieu. University of Chicago Press.

Tolonen, T., 2013. Youth cultures, lifestyles and social class in Finnish contexts. Young, 21(1), pp.55-75.

Tolonen, T., 2013. Youth cultures, lifestyles and social class in Finnish contexts. Young, 21(1), pp.55-75.

Tomlinson, M., 2003. Lifestyle and social class. European Sociological Review, 19(1), pp.97-111.

Trigg, A.B., 2001. Veblen, Bourdieu, and conspicuous consumption. Journal of economic issues, 35(1), pp.99-115.

Veblen, T.(2007). Theory of the Leisure Class (Oxford world's classics). Transaction Publishers.

Wacquant, L., 1991. Making class: the middle class (es) in social theory and social structure. Bringing class back in: Contemporary and historical perspectives, pp.39-64.

Weber, M., 1978. Economy and society: An outline of interpretive sociology (Vol. 1). Univ of California Press.

1. كتێبی (جیاوازی)( Distinction)یەکێکە لەکتێبە سەرەکییەکانی (بۆردیۆ)کە باس لە سستمی سەلیقە و باشترین کولتوور لە فەرەنسای ساڵانی شەست و حەفتاکانی سەدەی بیستەم دەکات. بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەگەلێك لەسەر ئەم بابەتە چەندین ڕووپێوی ئەنجامداون سەبارەت بە مومارەسە کولتورییەکان، لە ئەنجامدا کۆمەڵێك داتای ژمارەیی کۆکراونەتەوە لەگەڵ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانێك کە پاشخانی کۆمەڵایەتی جیاوازیان هەبووە، لەگەڵ ئەمانەشدا بەکارهێنانی میتۆدی ئیتنۆگرافی سەبارەت بە شێوازی ژیانی چینە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان. بەمجۆرە (بۆردیۆ) دەیویست وێنەیەکی گشتگیری سەبارەت بە کولتووری فەرەنسی دەست بکەوێت لەو ماوەیەدا. بگەڕێوە بۆ: (Bourdieu, 1992)

2. لێرەدا شایەنی ئاماژە بۆکردنە کە چینی کۆمەڵایەتی و جۆرەکانی و تایبەتمەندی و سنووری چینایەتی، بابەتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە نییە و سنووری توێژینەوەکە ڕێگە بەم بەفراوانبوونیە نادات، هەربۆیە تەنها هەوڵدراوە چینی کۆمەڵایەتی بکرێت لەبەر ڕۆشنایی شێوازی ژیان و بەپێی سنووری توێژینەوەی بەردەست.

## نمط الحياة و نماذجه النظرية (دراسة نظرية)


**الملخص:**

ان موضوع الاساسي في هذا البحث هو عبارة عن النماذج النظرية التي تمت صياغتها من قبل علماء الاجتماع لاجل فهم و معرفة كيفية استخدام مفهوم نمط الحياة في المجال العلمي. لاحظ بعض الباحثين من خلال بحوثهم ان مفهوم نمط الحياة قد حل محل مفهوم الطبقة الاجتماعية و دليل علي ذلك هو ان الطبقية لها امكانية اقل من نمط الحياة في تفسير السلوك، القيم و وجهات النظر و هذا لايعني محو وجود الطبقات و لكن يضع قدرة هذا المفهوم محط التساؤلات. و من هذا المنطلق لا نستطيع الحصول علي صورة حقيقية فقط عن طريق مفهوم الطبقية و لهذا انقسمت نتائج البحوث المختلفة التي تتمحور حول موضوع نمط الحياة الي قسمين قسم منهم يري انه يمكن استخدام مفهوم نمط الحياة بدل الطبقة الاجتماعية، اما القسم الاخر يري وجود علاقة بين الطبقة و نمط الحياة و يمكن استخدام المفاهيم (نمط الحياة، الطبقة، الاستهلاك) من اجل الوصول الي دراسة افضل للواقع الاجتماعي. بالنسبة الي اهمية هذا البحث يمكن القول ان العصر الحالّي هو عصر التغييرات و ظهور انماط جديدة للحياة و تغيير الانتاج الي الاستهلاك، و لهذا السبب من اجل قراءة ادق للمجتمع نحتاج الي مفاهيم جديدة مثل نمط الحياة لتصبح مرآة لتلك التغييرات و الهدف الرئيسة لهذا البحث هو كيف تعامل علماء الاجتماع مع هذا المفهوم لدراسة سلوك الفرد و الجماعات و كيفية تغير الواقع الاجتماعي ثم تحليل مفهوم نمط الحياة في اطار نماذج البطرية التي تمت صياغتها في الدراسات الاجتماعية ايضا ماهي العلاقة بين الطبقات و نمط الحياة. اما المنهج المستخدم في هذا البحث هو المنهج التحليلي. توصل البحث الي عدة نتائج منها: ان مفهوم نمط الحياة ليس

بديلا لمفهوم الطبقة الاجتماعية و انما هو مكمل له. ان القراءة الجديدة لنمط الحياة و البحث فيها ادي الي حدوث تغييرات في فهم الطبقات و المنزلة الاجتماعية و الهوية. اصبح الان مفهوم نمط الحياة محط اهتمام العلوم الاجتماعية و يستخدم في مجالات عدة. ا ا

**الكلمات الدالة:** نمط الحياة، الطبقة الاجتماعية، المنزلة، الاستهلاك، الهوية.

## Lifestyle and its Theoretical Paradigm (A theoretical Study)

**Abstract:**

The main issue of this research is those theoretical models which are explained by sociological theorogists for understanding and the how to use of lifestyle consept in a scientific aspect. A big part of researchers in the last two decades and from the nineties because of the researches they have seen that lifestyle concept has taken the place of social class concept.their main proof for this matter is that (social classes) has less analytical ablity than lifestyle of individuals for behavior, value and prespectives. This does not mean the erase of social class concept, while it only questions the analytical ablity of social classes, because there is some kind of similarity between the individuals in the same social class, this way it would not be possible to get a true social picture. Therefore nowadays the result of the varied researches about lifestyle have been devided into two groups, one group have included that lifestyle concept can be used instead of social class concept, but the other group concluded that lifestyle concept is related to social class cocept and they can be used together for a better consumption for reading social reality. About the importance of this research, we can say that the present time is the time of various types of changes, time of a new form of life and changing production to consumtion, therefore we need new concepts continuously for reading society that should be reflections to those changes and bring new topics for researching in social sciences. The aim of this research is, how the socologists used this concept for reading behavior, the how to of social reality changes, then analyzing lifestyle concept in the frame of those theory models that are based on lifestyle. However, about the used concept in this research, (analitical theory is used). At the conclusion, the researcher has come to some results including: lifestyle concept, not as a field for researching the social class concept, but as an independent concept which is a sin of a new prespective on the social reality and the other phenomena like (Social classes, statuses, identity and giving social ID to the social groups) have come to into the social sciences. This concept has taken a big space in the social researches and has benefited the prosseces of separatingthe social groups and gaining social identity. This concept has made new understanding about the changes that social classes and status are going through. Lifestyle concept compared to past, it has made the social sciences busy with it.

**Keywords:** Lifestyle, Social Class, Social Status, Consumtion, Social Identity.